گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print)،2218-0222
ISSN (Online)، 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No. 2983 (PP 200-227)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.14

توێژینەوە

# مەزراندنی بیری وەحدانییەت لە غەزەلە فارسییەکانی سافی هیرانی دا

**بوشرا قادر محەمەد کەسنەزانی/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (مەزراندنی بیری وەحدانییەت لە غەزەلە فارسییەکانی سافی هیرانی دا)، باسێکە سەبارەت بە بیری وەحدانییەت و یەکتاپەرستی و چۆنیەتی تەوزیفکردنەوەی لە غەزەلە سۆفییانەکانی سافی هیرانی دا. وەحدانییەت یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییەکانی بونیادی هزری سۆفیگەری، وەك چەمکێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند لە قوتابخانە جیاکان و سەردەمە جوداکانی ناو جیهانی سۆفیزم دا پێناسەکراوە و گفتوگۆ و گەنگەشەی کراوە. لە لایەکەوە خودی سۆفییە مەزنەکان بە شێوەی تیۆری لە بارەیەوە دواون، لە لایەکی دیکەوە، سۆفییەکانی ئەهلی شەتەحات و دێوانەمەسلەکەکان بە دانانی سەر و ژیانی ئاڵای وەحدانییەتیان هەڵکردووە. وەحدانییەت، بە چەندین جۆر لە ئەدەبیاتی تەسەوف دا بەیان دەکرێت، زاراوەکە بە پەتی وەك یەکتاپەرستی، یان بە چەمکە جیاکانی ناو قوتابخانەکەی ئیبن عەرەبییەوە کە وەحدەتی وجود و وەحدەتی شهودە، هاتووە. هەروەك چۆن بە دوو چەمکی گرنگی دیکەش دێت کە بریتین لە، وەحدەت لە کەسرەت دا، کەسرەت لە وەحدەت دا. ئەم بیرە بە پڕڕەنگی لە غەزەلە فارسییەکانی سافی هیرانی دا؛ مەزراوە. لە لایەکەوە کاکی هیرانی بەهۆی سلووك و پێگە عیرفانییەکەیەوە وەحدانییەت لە ژیانیدا بەرجەستە دەکات، لە لایەکی ترەوە دەبێتە نوقتەی ناوەندی بیرە دەروێشانەکانی و هەموو بیرەکانی دیکە دەچنە خزمەتی ئەم شابیرەوە، بە کۆی غەزەلەکانیش ئەدەبیاتی تەسەوف بە هەموو خەسڵەت و ڕەمز و مانای قوڵییەوە دەهۆنێتەوە.

CORRESPONDENCE
بوشرا قادر کاکە محەمەد کەسنەزانی
armanumed@gmail.com

پەسندکردن 2024/10/13
بڵاوکردنەوە 2024/10/15

**وشە سەرەکییەکان،**
وەحدانییەت،
ئەدەبیاتی تەسەوف،
سافی هیرانی،
وەحدەتول شهوود،
شیرك.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

بیری وەحدانییەت و یەکتاپەرستی بنەمایەکی سەرەکی بونیادی هزری سۆفیگەرییە، جگە لە باسکردنی وەك بابەتی عەقیدە و بڕوا وەك چەمکێکی فرەڕەهەندیش لە قوتابخانە هزری و زەوقییەکانی سۆفیزم دا خراوەتە بەر باس، هەم سۆفییە مەزنەکان بەهۆی بابەتی هزرییەوە هەمیش سۆفییەکانی ئەهلی شەتەحات و شەیدا مەسلەکەکان بە دانانی سەر و ژیانیان ئاڵای وەحدانییەتیان هەڵکردووە. وەحدانییەت لە ئەدەبیاتی تەسەوف دا بە چەندین جۆر نیشان دەدرێت، دەستەواژەکە بە پەتی وەك، یەکتاپەرستی، یان بە چەمکە جیاکانی ناو قوتابخانەکەی ئیبن عەرەبییەوە کە وەحدەتی وجود و وەحدەتی شهودە. بێ لە دوو چەمکی گرنگی دیکەش کە بریتین لە، وەحدەت لە کەسرەت دا، کەسرەت لە وەحدەت دا.

ئەم بیرە بە پڕڕەنگی لە غەزەلە فارسییەکانی سافی هیرانی دا؛ مەزراوە. لە لایەکەوە سافی بەهۆی سلووك و پێگە عیرفانییەکەیەوە وەحدانییەت لە ژیانیدا بەرجەستە دەکات، کە ئەمە لە دەرەوەی دەقە و پەیوەندی بە کەسێتی ئەوەوە هەیە، وەك شێخێکی سەر بە ڕێبازی قادری و شەیدای شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لە لایەکی ترەوە دەبێتە نوقتەی ناوەندی بیرە دەروێشانەکانی و هەموو بیرەکانی دیکە دەچنە خزمەتی ئەم شابیرەوە، بە کۆی غەزەلەکانیش ئەدەبیاتی تەسەوف بە هەموو خەسڵەت و ڕەمز و مانای قوڵییەوە دەهۆنێتەوە، کە ئێمە وەك کاریگەری و ئەدەبی بەراورد لە بابەتەکە ناڕوانین، بەڵکو پێمان وایە، ئەو تاکێکی ناو جیهانی سۆفیزمە، پێگەکەشی پیری و ڕابەری و دەستگیرییە، بۆیە کۆی غەزەلەکانی وەك هەر تاکێکی دیکەی ناو بازنەکە، مەزراندنی بیرۆکە سۆفییانەکانە بە گشتی بە تایبەتیش یەکتاپەرستی.

**پلانی توێژینەوەکە:** ئەم باسە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە بارەی ئەدەبیاتی تەسەوفەوە دواوین و خۆی لە چەند پار و پارچەیەکدا دەبینێتەوە، کە باسکردنی چەمك و زاراوەی وەحدانییەتە لە شەریعەت دا وەك ڕواڵەت، پاشان لە ناواخن دا کە تەریقەت دەگرێتەوە، گەلێك وشەی وابەستەی یەکتاپەرستی، ڕوونکراوەتەوە لەوانە، تەنزیه، تەشبیه، شیرك، کوفر. لە بەشی دووەمدا پۆلێنکارییەکی وردمان بۆ چۆنییەتی مەزراندنی بیری وەحدانییەت لە غەزەلەکانی کاکی هیرانی دا کردووە، ئەمەش لەسەر دوو پار بونیاد نراوە، پاری یەکەمیان نیشاندانی وەحدانییەتە وەك زاراوە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ، پاری دووەمیان بیرۆکەی وەحدانییەتە لە ڕێی زاراوە و دەستەواژە و وێنەی دیکەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و سەرچاوەی پشت پێبەستوومان خستۆتە ڕوو.

**میتۆدی توێژینەوە:** بۆ توێژینەوەی لە ئەدەبیاتی تەسەوف، ئێمە لە پاڵ ڕێبازی وەسفی شیکاری دا، پشتمان بە فەرهەنگی زاراوەناسی تەسەوفی بەستووە، کە وەك میتۆدی تەواوکاری توێژینەوەکەمان پێگەیاندۆتە ئەنجام.

**سنووری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان تایبەتکردووە بۆ غەزەلە فارسییەکانی کاکی هیرانی، چونکە لە فارسییەکاندا وشەکانی بواری عیرفان و سۆفیزم وەك زاراوە فەرهەنگییەکان و باوەکان هاتوون، لە کاتێکدا لە غەزەلە کوردییەکاندا کەمتر بەر ئەمە دەکەوین. بۆ ئەمەش پشتمان بە دیوانێکی دەستختی بەستووە، کە لە بنەماڵەی کاکی هیرانی (مامۆستا هانا کاکی هیرانی) وەرمان گرتووە، چونکە دیوانە چاپکراوەکان لە هەڵەی زمانی و داڕشتن و ڕێنووس خاڵی نین.

## یەکەم: ئەدەبیاتی تەسەوف

تەسەوف لەگەڵ دەرکەوتن و دامەزراندنی دا، ئەدەبیاتێکی تایبەت بە خۆی بونیاد نا، کە دەنگ و هزری سۆفییەکان تا ئەو جێیەی زمان دەرەقەتی بێت، نیشان بدات. ئەم ئەدەبیاتە بە شێوەی پەخشان و بە شێوەی شیعر لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامی دا بڵاوبوویەوە و ڕەگی خۆی داکوتی. لەگەڵ دەرکەوتنی هەر قوتابخانەیەکی نوێ دا، ئەدەبیات و نووسین دەبوو بە زمانحاڵی، لەگەڵیشدا یار و نەیاری زۆری لە دەور گردەبوونەوە و بابەتەکان بەهۆی ئەدەبیاتەوە گەنگەشە دەکران و بەرپەرچ دەدرانەوە. بابەتە پەخشانییەکان، بەشێوەی تیۆر بوون، هزر و نەریتی میعراجی ڕۆحی تێدا باسدەکرا، یان ئاداب و مامەڵە و فێرکاری چۆنییەتی چوونە ناو ڕێگە و جیهانەکەی نیشان دەدا، ئەمەش تایبەت بوو بە دەستەبژێر و کەسانی دەروێشمەشرەبەوە، بەڵام لە شیعر دا نیشاندانی بابەتە هزرییە تەسەوفییەکان بەهۆی بەباڵابرینی هونەرەکانی دەربڕین و ئاواز و کێش و سەروا و وشەکاری و ڕەوانبێژییەوە، زووتر بەرکەوتنی لەگەڵ خوێنەر دا دروست دەکرد، ئەگەر هەموو مانا قوڵەکەیشی نەگەشتایە بە خوێنەر، مانا ڕواڵەتییەکەی کە سەر بە شیعری لیریك و گۆرانی بوو، دەربڕین بوو لە خود، هاودڵێتی و هاوسۆزی بۆ خوێنەر دروست دەکرد و مانای بۆ خۆی لێ هەڵدەهێنجا.

ئەگەر بڕوانینە ئەم جۆرە لە شیعر دەبینین، چەندێك هونەرئارایی و سەنعەتكارییە، هێندەش وەك هۆكارێك بۆ نیشاندانی هزری عیرفانی و سۆز و شەوقی ئەوینی خوداییە، دواجار وەك دوایەمین كەناڵ و دوایەمین تەقەلایە بۆ كەمكردنەوەی هێز و فشاری ئەوین. ئەم شیعرانە دەربڕینن بە زمانێك كە لە بنەڕەتدا زمانی ئەوینی زەمینییە، زمانی خەڵكی ناو كۆمەڵگایە، بەڵام ئەمان چاریان ناچارە و بە گواستنەوە و باركردنی زمانەكە بە مانای دیكە، ئەدەبیاتی خۆیان بونیاد دەنێن و شیعری خۆیان دەهۆننەوە. بابەتە ڕۆحییەكان و بیرە فەلسەفییەكانی ناو جیهانی تەسەوف بە هاتنە ناو شیعرەوە، كەمێك لە ئاڵۆزی و نەختێك لە لێڵییەكەی دەڕەوێتەوە، چونكە بەهۆی تێكەڵبوونی بە هەستی خودی و هۆنینەوە بە شێوەی لیریك؛ وادەكات شیعرێك بێتە بەرهەم، لە ڕواڵەت دا بە بەراورد بە ئەدەبیاتی پەخشانی و داڕشتنی تیۆرەكانی ناو قوتابخانە فكرییەكانی تەسەوف؛ جێی تێگەیشتن بێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم هۆنراوانە بۆ مەردوومی گشتی نین، بەڵكو دیسانەوە كەسانێك دەتوانن ماناكانیان چنگ بكەوێت، كە ئاگاداری تیۆرەكە و هزرە بنەڕەتییەكانی ناو جیهانی تەسەوف بن.

هەر بۆیە هەمیشە ئەدەبیاتی تەسەوف خوێندنەوەی قوڵ و فرەڕەهەند هەڵدەگرێت. سۆفییەكان خۆشیان پێیان خۆش نییە كەسێك دەمبدات لە وتەكانیان و ڕاڤەی بەرهەمەكانیان بكات، كە سەر بەو بازنەیە نییە، چونكە لێیان دەكەونە گومانەوە، بۆیە دەڵێن، پیاوی مەزنی بە سینەی گوشادەوە دەوێت تا لە قوڵایی قسەكانیان و مانای دۆخەكان و حاڵەكانیان تێبگات، لە بارەی باشی و خراپی و ئەنگیزە و هۆی كاروباریانەوە بدوێت، هەركەسێك بە ڕێی ئەواندا نەڕۆیشتبێت هەنگاوی بەرەو مەقسودیان هەڵنەنابێت، وەك ئەوان نییە و باشترە لە بارەیانەوە هیچ نەڵێت. بڕوانە،( الطوسی، 2007)

ئەدەبیاتی تەسەوف پێكهێنەری جیهانێكی نمونەییە ئەدۆنیس لەم بارەوە دەڵێت: ((سۆفی بەهۆی توانای خوازە و زمانەوەیە، جیهانی نموونەیی خۆی دەخولقێنێت، جیهانێك كە بەهۆی وێناكردنەوە – تەخەیول- هەستی پێدەكرێت و دەرك دەكرێت))(ادونیس، 1385، ص 191) ئەم ئەدەبیاتە چەندین چەمك و بابەتی هزری و ڕۆحی لە خۆی گرتووە، كە لە هەندێك جێدا لە ڕووی ماناوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی دا هاوبەشن، لە هەندێك جێی دیدا ماناكان قوڵترن و ئاراستەی دیكەیان لێدەبێتەوە و دەبێت چەمكەكانی بە جۆری دیكە پێناسە بكرێن. لێرەوە دەبینین بیرەكانی پەیوەست بە بڕوا و عەقیدەوە وەك: وەحدەت، شیرك، كوفر، ئیمان هاوتەریب لەگەڵ مانا شەریعەتییەكانیان مانای دیكەیان هەیە، بە چەشنێك، دەتوانین بڵێین: مانای یەكەمیان ڕواڵەتە و سەر بە شەریعەتە، مانای دووەمیان سەر بە تەریقەتە، ماناكەی ناو تەریقەتیش دوو مانای دیكەی لێدەبێتەوە یەكێكان بۆ سالیكانی تازەهاتوو و ڕێبواری سەرەتای ڕێیە، ئەوی دیكەیان بۆ ئەوانەیە كە پلەی كەماڵیان هەیە. جا لێرەدا بۆ ئەوەی لە جێكەوتەی وشەكە تێبگەین، دەبێت هەر چەمكەی بە هەر سێ ماناكەیەوە بناسین، ئەوسا مانای شیعرەكە هەڵهێنجین، ئەمەش ئەو خەسڵەتەیە كە وادەكات ئەدەبیاتی تەسەوف، چەندان حاشیەی هەبێت و هەر كتێبەی بە پەراوێزەكانییەوە، چەندان جاری تر حاشیە و ڕاڤەی بۆ بكرێت، نموونەی باڵایش (گوڵشەنی ڕاز)ی شێخ مەحموودی شەبستەریی و (مەنازیلی سائیرین)ی خواجە عەبدوڵڵای ئەنسارییە.

### 1: چەمك و زاراوەی وەحدانییەت

#### 1-1. وەحدانییەت وەك عەقیدە

وەحدانییەت بریتییە لە بەیەكتادانانی خودای پەروەردەگار، خودایەك كە نەمەرد و نەزایە، بێهاوەڵ و بێهەمتایە، كەس لەونەچوو و لە كەسنەچووە، وێنانەكراو و پەیپێنەبراوە. ئەم تێڕوانینە بۆ خودا لە دینی ئیسلام دا یەكەمین پایەی بڕوا بە خودابوونە. چونكە مەردوومانی پێشوو بڕوایان بە تەوتەمپەرستی و فرەخودایی، دوو خودایی هەبوو، تا ئەو ئاستەی كە دینە یەكتاپەرستییە ئیبراهیمییەكانیش، بەهۆی داكەوتنی بەهاكانییەوە، خودایان بە تاقانەیی لە ناوەندا نەهێشتەوە، بەڵكو پێغەمبەرانی خۆیان دەدایە پاڵی، بۆیە دینی ئیسلام بۆ بەستنەوەی پەیمانی بڕوابوون بە تاقانەیی خودا، ڕوكنیی یەكەمی لە پێنج ئەركانەكەی خۆیی، بە شایەتمان دانا، كە ((بریتییە لە گەواهیدان بەوەی هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نییە جگە لە خودا، موسوڵمان لەم گەواهیدانە وا تێدەگات، كە خوداوەند لە بووندا، لە بڕیار و فرماندا هیچ هاوتایەكی نییە و دیسان هیچ دروستكراوێك نییە كە زاتی خواوەند نیشان بات یان بەرجەستەی بكات، یان بە شێوەیەك هێما بێت بۆی.))(فاروقی، 2019، ل 65). گەواهیدان بە زار، دەبێتە هۆی هاتنە ناو تیرەی موسوڵمانانەوە، لە سەردەمانی خیلافەتی ئیسلامیشیدا دەبووە پەناگە و پارێزگاری لە خوێن و سەروسامانی كەسی گەواهیدەر. شایەتمان كە بە زمانی عەرەبی گۆدەكرێت (لا اله الا الله) هیچ پەرستراوێك جگە لە ئەڵڵا كە خودای هەرە مەزنە، پەرستراوی بەحەق نییە. وشەی ئیلاهـ بە مانای خودا دێت و وشەی ئەڵڵا بە مانای خودای مەزن دێت كە هەموو سیفاتە زاتی و ئاكارییەكانی تێداكۆبۆتەوە ئەویش جگە لەو خودایە كە ئەفرێنەری جیهانیانە كەسی دیكە نییە، گەواهی وەحدانییەتی خودا بە وشەی ئەڵڵا، دەبێتە ڕەوینەوەی هەموو ئەو وێنە ساختانەی كە دەدرانە پاڵ خودا، بۆیەش بە سەرەكیترین بنەمای عەقیدەی

ئیسلامی دادەنرێت و پێغەمبەری نێردراویش سەلامی خودای لەسەر بێت، یەکەمین جەختی لەسەر ئەوەیە و لای ئەو پایەدارەیش ((هیچ بەیانێك لە دانپێدانان بە وەحدانییەتی خودا بنەڕەتی تر نییە، لا شریك لە کە خودا تاقانەیە و هاوەڵی نییە، لە ڕوانگەی ئەو حەزرەتەوە هیچ گوناهێك لە هاوەڵدانان بۆ خودا نەبەخشراوتر نییە، کە نابێت بۆ خودای مەزن هاودەمر و یاوەر دانرێت، بەڵکو خودا تاك و بڵند و هەرهەبووی پێش بوونەوەرانە، قائیم بە زاتە و دانا و توانا و بیسەر و بینەر و ویستمەند مورید و ئەفرێنەری هەموانە لە ڕۆژی داوەری دا داوەرو حاکمە کە ڕزگاری دەبەخشێت و لەمر جیهانییە دواپڕاوەوە دەیخاتە جیهانی نەبڕاوەی بەهەشت))(ناس، 1396،ل 726) لە فەرمایشتەکانی خودای بەرزەجێ دا، مرۆی موسوڵمان ڕێنمایی کراوە کە چلۆن تەماشای تاقانەیی خودا بکات، هاوبەش و یار و یاوەری بۆ دانەنێت، سیفاتی مرۆییانەی پێوە نەلکێنێت، خێزان و منداڵی نەداتە پاڵ، لەگەڵیشیدا سیفاتە بڵندەکانی بناسێت کە حەیی و قەیومر، ڕەحمان و ڕەحیم، بیسەر و بینایە و لە هیچ شتێك ناچێت، ((غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێت؛ هەر زیندووە و بەسەر هەموو شت ڕادەگا)) (آل عمران، 2). ((خودای ئێوە هەر خودای تاک و تەنیایە. بەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ هەر بۆ خۆشی دەهەندەیە و دلۆڤانە)) (البقرة، 163). ((وەدیهێنی عاسمانەکان و زەمینەو هەر لە خۆتان جووتەی لێ بەرهەمهێنان و لە ماڵاتیش ولفی یەکتری دروستکرد تا زۆرتر پەرەو پێبدا. هیچ شتێ وێنەی ئەو نییە؛ هەر خۆی بیسەر و بینایە.)) (الشوری، 11) کۆکراوەترین سورەی قورئانیش لە بارەی وەحدانییەتەوە سوورەی ئیخلاسە، ((بێژە ئەو خودایە تاکە. خودایەکی بێنیاز و جێنیازە. کەس لەو نەبووە و ئەویش لە هیچ کەس نەزاوە. هەرگیز هیچ کەسیش نەیتوانیوە هەمبەری بێ)).

بەمر جۆرە لە لایەکەوە موسڵمان ڕێنمایی دەکرێت، کە خودا هاوەڵی نییە، تاقانەیە، کەسی لێ نەبووە، خۆیشی لە کەس نەبووە، لە هیچ شتێك ناچێت کە ئادەمیزاد دیبێتی و وێنای کردبێت. بەڵامر لەگەڵ ئەمانەشدا خودا سیفاتی جەمالی و جەلالی و کەماڵی خۆی دەخاتە ڕوو، تاوەکو ئادەمیزادی بڕوادار مەعریفەی هەبێت بەرامبەر بەو خودایەی، کە بڕوای پێدەهێنێت و دەیپەرستێت و هەموو ژیانی وابەستەی فەرمانەکانی ئەو دەبێت. چونکە دواجار مرۆڤ کنجکۆڵیی بۆ دروست دەبێت، ئەگەر ئەو خودایە بڕوای پێ دەهێنن لە هیچ یەکێك لە خودایانی پێشوو نەچێت، ئەی دەبێت لە چی بچێت؟! بۆیەش خودا خۆی بە فەرمایشتی خۆی وەڵامیان دەداتەوە کە لە هیچ شتێك ناچێت، بەڵامر هەڵگری گەلێك سیفاتە کە ئەمانە دەبنە یارێدەری بڕوادارەکە زیاتر بیناسێت و ئەندێشەیشی بۆ لای خودای ساختەکانی پێشوو نەچێت. بەمجۆرە لە ناو چەمکی وەحدەت و بە تاکزانینی خودادا دوو چەمکی دیکە دێنە ئاراوە، کە پەیوەستن بە وەحدانییەتەوە ئەوانیش هەردوو چەمکی تەشبیھ و تەنزیهن.

**تەشبیھ:** لە فەرهەنگی زماندا بە مانای چواندنی شتێك بە شتێکی دیکە دێت، بەڵامر لە زاراوە کەلامییەکەی دا بەوە دەوترێت کە خوداوەند بچوێنریت بە شتێك لە دەرەوەی خۆی، جا دەکرێت چواندنەکە، لە زات یان سیفەتی پەروەدەگار دا بێت. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە خودا خۆی سەبارەت بە خۆی لە قورئاندا دەفەرموێت: "وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ". واتە: زەمین هەموو وا لە ناو مشتی ئەودایە و ئاسمانانیش بە دەستی ئەو پێچراونەوە(الزمر، 67). یان "الرحمن على العرشِ اسْتَوَى" واتە: ئەو خودایەی لەسەر تەختی خۆی دامەزرا. (طه، 5) یان "يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ" واتە: "دەستی خودا لەسەر دەستی ئەوان ڕایە."(الفتح، 10). جگە لە مانە خودای پەروەدەگار نموونەیەك لە پەسنی خۆیدا دەهێنێتەوە، کە وێنای زاتی خۆی بە ڕووناکی دەکات، ((خوا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەمینە. ڕووناکی ئەو وەک تاقێکە چرای تێدا هەڵکرا بێ، چراکە لە جامێکدا بێ، جامەکە وەک ئەستێرەیەک ترووسکەی بێ و ماکی چرا لە زەیتوونێکی مبارەک دەس کەوتبێ؛ کە دارەکەی نە هەمیشە بەرەو ڕۆژە و نە هەمیشە لە نزارە. تۆ ئێژی ڕۆنی چراکە تیشک دەدا؛ ڕووناکی لە بان ڕووناکی. خودا هەر کەسێ حەز بکا، ڕووناکی خۆی نیشان دەدا. خودا بۆ مەردم نەزیلان دێنێتەوە. خوا بە هەموو شت دەزانێت)).(النور، 35). هەموو ئەمانە وایانکردووە، وێنایەك بۆ خودا دروست بێت، چونکە خودا خۆی بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لێی، کە زەینی مرۆ درکی ناکات، چواندن دەکات، بەڵامر بۆ بەرجەستەکردنی وەحدانییەت دەبێت کەسی بڕوادار لەسەر بنەمای ڕواڵەتی ئایەت و فەرموودەکان بڕیارنەدات وەگەرنا توشی ئەوە دەبێت وێنایەك بۆ خودا بکات، کە دیسانەوە نزیکایەتی پێدەبەخشیت لەگەڵ بونەوەران و لە وەحدانییەتی دەترازێنێت. لەمر بارەیەوە مامۆستای مودەڕیس لە ڕاڤەی عەقیدەی مەرزییەدا دەڵێت: ((هەر لەفزێ لە ئایەت و حەدیس دا هاتبێت و نیسبەت درابێتە پاڵ خوای گەورە و بە پێی ئایەتی مەحکەمەکان مەعنا زاهیرەکەیان بۆ خوا ڕەوا نەبێت وەك، ئیستیوا، وەجھ، یەد، عەین، جەنب ئەوە پێوستە ئێمە تەنزیهی خوای گەورە بکەین لەو مەعنا زاهیرییە، چونکە بە دەلیلی قەتعی و بە قورئان و حەدیس ئیسپات کراوە کە خوا شوێن و تەختگای نییە، ڕووخسار و دەست و چاو و تەنیشت و وێنەی ئەمانەی نییە)).(مەولەوی، 1988، ل 244)

**تەنزیە:** بە مانای بەدوورگرتن لە هەموو خراپ و ناشیرینییەك دێت لە بابەتی عەقیدەدا مەبەست لە بێگەردی خودایە، كە نابێت هیچ سیفاتێكی مرۆیی بدرێتە پاڵ. خوداوەند خۆی سەبارەت بێگەردڕاگرتنی دەفەرمویێت: "لیس كمثله شیء" واتە: "هیچ شتێ وێنەی ئەو نییە؛ " (الشوری، 11) یاخود "فَسُبحنَ الَّذی بِیَدِهِ مَلَكوتُ كُلِّ شَیءٍ والیَهِ تُرجَعون" واتە: پاكی و بێ عەیبی بۆ كەسێ كە هەموو شت لە ژێر فەرمانی ئەودایە و، هەر بۆ لای ئەو دەوهێننەوە. (یس، 83). خوداوەند پاك و بێگەردە لەوەی هیچ كەسێك بدرێتە پاڵی، بە كەس بچوێنرێت و هیچ ئاماژەیەكی بونەوەریی تێدا بێت. كاتێك مرۆڤی موسوڵمان ئەم دوو لایەنەی جێبەجێ كرد، ئەوا وەحدانییەتی بەرجەستەكردووە، بەو مانا قوڵەی كە ئەو یەكتای بێهەمتایە، دانای لەكارزانە، ئەفرێنەرە و خواست و ویستی ئەو لەسەروو هەموو خواست و ویستێكەوەیە. لێرەوە دەگەینە ئەوەی وەك ئارمسترۆنگ دەڵێت: بە هێنانی چەمكی وەحدانییەت ئیسلام تێڕوانینی بۆ خودا بە جۆرێك بونیاد نا كە ڕوانینێكی ساویلكانە نەبێت، بەڵكو ئەم خودا تاقانەیە بونەوەری وەك ئێمە نییە، كە بتوانین بیناسین و تێبیگەین، بەڵكو هەرچەند بە زاریش ناوی بە خودای مەزن دێت، دیسانەوە تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەو، جیاوازە لەوەی كە ئەو خۆی لە زات دا چییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە خودایەی كە پەیی بە ناسینی نابرێت و دەستپێی ڕاناگات، خودی خۆی فەرموویەتی من گەنجینەی پەنهان بووم، دەمویست بناسرێم، هەر بۆیە جیهانم دروست كرد تا بناسرێم. كەواتە خودا نەك دژی ناسین و درككردن نییە، بەڵكو مەرامی بڵندكردنەوەی مرۆڤە تا توانای دركی ئەو زاتە بی هەمتایەی هەبێت.(ارمسترنگ، 1368،ص 176).

## 1-2. وەحدانییەت لە تەسەوف دا

سۆفییە مەزنەكان وردتر و قوڵتر، تەوحید و بە یەكتاڕاگرتنی خودایان ڕوونكردۆتەوە و وابەستەی گەلێك چەمكی تریان كردووە. عارفەكانی وەك، خواجە عەبدوڵای ئەنساری، عەینولقوزاتی هەمەدانی، عەزیزەدین نەسەفی، كاشانی و ئیمامی غەزالی چۆنییەتی بەرجەستەكردنی وەحدانەتیان بۆ سالك و ڕێبواری ڕێی حەق ڕوونكردۆتەوە. خواجە عەبدوڵای ئەنساری لە كتێبی (سەد مەیدان)ی ڕێگەی گەیشتن بە خودادا، لە نیوە بە دوا ئاماژەی بە تەوحید كردووە و بە مەیدانی شەست و نۆی داناوە كە سالك لە مەیدانی (غوربەت)ەوە دەچێت بۆ (تەوحید) دوای تەوحیدیش دەگات بە (تەفرید). وردەكاری تەوحید لە لای خواجەی ئەنساری بە سێ شێوەیە، یەكتاوتن، یەكتا بینین، یەكتازانین. یەكتاوتن پەیوەندی بە ڕواڵەتی شەریعەتەوە هەیەو هەر كەس بە زار شادەوئیمان بێنێت ئەوا خودای بە تاك زانیوە، بەڵام ئەمەش بە سادەیی تێناپەڕێت، هەر چەند تەنها گوتارە، بەڵام دەبێت لەگەڵ ڕواڵەت دا هەڵگری ناخ و ناوەڕۆك بێت بەو جۆرەی گەواهی بدات كە خودا تاقانەیە لە زات دا و پاكژە لە هاوسەر و زارۆك و یار و هاودەم و پاكوبێگەردی بۆ ئەوە، گەواهی بدات كە خودا تاقانەیە لە سیفەتەكانی دا و بێچوونە، سیفتەكانیشی عەقڵ پەیی پێنابات و چۆنیەتییەكیشی نەزانرا و بێ كەنارە و دوورە لە وێناكردنەوە. گەواهی دانە بە تاقانەیی خودا لە ناوەكاندا كە حەقیقییەكی هەرهەبووە، كە ناوەكانی ئەو حەقیقەتن و ناوی ئەوانی دیكە خواستراون.(انصاری، 1375،ل 164). عەینولقوزاتی هەمەدانی لە تەمهیدات دا(همدانی، 1396، ل 47)، كە یەكێكە لە كتێبە گرنگەكانی جیهانی تەسەوف، لە بارەی پلەی یەكەمی شادەوە كە ئەنساریش باسی دەكات، دەڵێت: وتنی شادە و ئیمان بە زار، بۆ كەسێك كە سەرقاڵی دنیا بێت، سوودەكەی تەنها لەوەدا كورت دەبێتەوە كە گۆكردنی (لا اله الا الله) دەبێتە هۆی پاراستنی ماڵ و سەروسامانی لە شمشێر، وەگەرنا شتێكی دیكە ناخاتە سەر تێگەیشتنی ئەو. بەڵام بۆ ئەهلی بەسەر و كەسانی بینا، گەلێك چەشەدارە و وتنەكەی گەلێ جیاوازترە. ئەگەر ئەهل بیت (لا اله) جێدەهێڵیت و بە ڕاستەقینەی "الا الله" دەگەیت. كاتێك گەیشتیت بە "الا الله" ئارامشت دەستدەكەوێت و دەكەوییە ئەمانەوە، چونكە خودا خۆی فەرموویەتی، لا اله الا الله قەڵای منە، ئەوەی لە قەڵای مندا بێت، پارێزراوە لە سزام. لای عەینولقوزات "لا اله" جیهانی بەندایەتی و سرشتە و "الا الله" جیهانی پەروەردگاری و فەرمانڕەوایی و شكۆمەندییە. ڕەوشی سالیك لە دەوری "لا اله" دایە، وەك چۆن لە فەرموودە دا هاتووە كە خوداوەند خیلقەتی لە تاریكییەوە ئەفراند، بۆیە كاتێك سالیكان دەگەن بە "الا الله" ئەوسا دێنە ناو بازنەی "الله"ەوە. پاشان بە پێی فەرموودەكە پاش ئەفراندن، نووری خۆیی بەسەردا ڕژاندن، ئەوسا ئەو نوورە لەگەڵ سالیكەكەدا دەكەوێتە ڕازونیاز. "لا" بازنەی نەرێكردنە، دەبێت سەرەتا هەنگاوی یەكەم بنرێتە ناو ئەم بازنەیەوە، بەڵام سالیك نابێت بوەستێت و نیشتەجێ بێت، چونكە بە هەموو وەستان و مانەوەیەك لەم مەقامەدا ڕوو لە زونار و شیرك دەكات و دەبێت بپەڕێتەوە بۆ "الله" ئەوەش مەردی مەیدانی دەوێت و شەیتان لە كەمین دایە، تەنها نیەتخاڵیسان فریو ناخۆن و لەو بازنەیە دەرباز دەبن.

عارفەکان سێ مەرجیان بۆ تەوحید داناوە:

**مەرجی یەکەم:** لە خۆ ترازان و دەرچوون لە خود، بەو جۆرەی، کە خۆت بە خاوەنی سیفەت و کردەوە نەبینێت، جوڵان بە جوڵەی ئەو بزانیت و ئۆقرەگرتن بە ئۆقرەی ئەو بزانیت، وجود بە بەرهەمی ئەو بزانیت و بەقا بە بەقای ئەو ببینیت. کاتێك وەها لە خۆت خاڵی بوویتەوە، ئەوا تۆ بوویتەتە مووەحەد و یەکتاپەرست.

**مەرجی دووەم:** ئەوەیە کە چونکە داینێت من هیچم نییە، نابێت هیچ بکەم و بەڵام گیان ببەخشیت و بە تەواوی بە حەقی بیسپێریت.

**مەرجی سێیەم:** ئەوەیە کە هیچت لا گل نەدرابێتەوە کە تۆ لەو بکات. ئەگەر بێ لەوت خۆشبوێت، ئەوا لە مەحیبەتی ئەو دابڕاویت، ئەگەر بێ لەو لە کەسی دیکە بترسیت، ئەوا لە ترسی ئەو دابڕاویت، ئەگەر بێ لەو تەمات بە کەسی دیکەیە، ئەوا لە ڕجا و تەمای ئەو دابڕاویت، ئەگەر متمانە بە غەیری ئەو بکەیت، ئەوا لە پشتبەستن بەو دابڕاویت، ئەگەر بێ لەو بە کەسی تر ئارامبگریت، ئەوە لە هۆگری و ئونسی ئەو دابڕاویت.( گوهری ، 1376،ص 270)

ئیمامی غەزەلی لە کتێبی کیمیای بەختەوەریدا (غەزالی، 1388،ل 785) یەکتاپەرستی دەبەستێتەوە بە پشتبەستن بە خوداوە. بە وردی تەوحید و یەکتاپەرستی بە چوار ئاست دیاری دەکات، ئەگەر پوختەیەکی لێ بخەینە ڕوو، بەم جۆرەیە، تاکپەرستی چوار ئاستی هەیە، کە کاکڵەیەکە، ئەو کاکڵەیەش کاکڵەیەکی دیکەی هەیە، هاوکات پیستێکی هەیە، ئەو پێستەش پێستێکی دیکە.

**ئاستی یەکەم:** ئەوەیە کە بە زار شادە بێنێت و لا اله الا الله گۆ بکرێت، بەڵام بە دڵ بڕوای پێ نەبێت، ئەمە تەوحدی موونافیق و دووڕازانە. بەڕای غەزالی ئەمە پێستی پێستە، وەك توێکڵ وەهایە ئەگەر بیخۆیت ناخۆشە، ئەگەر بیسوتێنت دوکەڵ دەکات و ئاگر دەیکوژێنێتەوە، ئەگەر لە ماڵدا کۆی کەیتەوە کەڵکی نییە و قازانجی بۆت نییە، تاکپەرستی مونافیقیش هیچ کەڵکی نییە، جگە لەوەی کە پێستی لە شمشێر دەپارێزێت و پێستی هەمان جەستەیە و خۆی لە شیرو تیر دەپارێزێت.

**ئاستی دووەم:** ئەوەیە بە شوێنکەوتنی نەریت و پەیڕەویکردنی لە ئەوانی دی وەکو مەردوومی ئاسایی بە دڵ بڕوای پێیەتی، یان وەکو زانای موتەکەلیم بە بەڵگەوە بڕوای پێیەتی. لای غەزالی ئەمە چەشنی نەمانی توێکڵە، کاتێك توێکڵ نامێنت و گیان دەمێنێتەوە، ئەو تاکپەرستییە کەڵکی نییە، هەروەکو پێستی ناوەوەی گوێز کە بە کەڵکی سوتان دێت و دەکرێت لەگەڵ کاکڵەکەیدا بێت تا لە ئافەت دوور بێت. هەر چەند لە چاو  کاکڵەکەدا نرخێکی وەهای نییە. ئەمەش وەحدانییەتی ڕەمەکی خەڵك و موتەکەلیمەکانە، بۆ ئەوەیە کە گیانیان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێ هەرچەند ئەم کارەی پێدەکریت، بەڵام لە نەرمی و ناسکی کاکڵە و ڕۆنەکەی بێبەشە.

**ئاستی سێیەم**: بە دیتن دەبێت بەو جۆرەی کە هەموو شتێك لە یەك بنەوانەوە هەڵدەقوڵێت و بەدیهێنەر هەر یەك کەسە و لە ئەفراندندا کەس هاوەڵی نییە. ئەمەش ڕووناکییەکە لە دڵدا هەڵدەبێت و لەبەرامبەر ئەم تیشکەوە ئەم شتانە دەبینرێن. ئیمامی غەزالی لە ڕێی نموونەهێنانەوەیەك ئەمە باس دەکات، ئەگەر کەسێك بپرسێت ئاغا و گەورەی ماڵ لە ماڵە؟ یەکێکیش بۆ وەڵامەکەی شوێن تەقلید بکەوێت، مادەم کەسوکاری وتویانە ئاغا لە ماڵە، ئەمیش بڵێت: بەڵێ لە ماڵە. ئەمە نموونەی کەسانی ڕەمەکییە کە شوێن قسەی پێشینان دەکەون، بەڵام ئەگەر بە بەڵگەوە بسەلمێنریت کە ئاغا لە ماڵە، چونکە ئەسپەکەی و غوڵامەکەی ئاغا لە بەر ماڵەکەدان، ئەمە وەك تەوحیدی کەلامزانەکان وەهایە. بەڵام ئەو کەسەی بە چاوی خۆی ئاغای لە ماڵەوە دیوە، ئەوە یەکتاپەرستی عارفانە، ئەم ئاستەی تەوحید بڵندە، بەڵام عارف تێیدا هەم خەڵکی تێدا دەبینێت، هەم خودای خەڵکیش دەبینێت، دەزانێت کە خەڵکە لە خوداوەن، ئەمەش بە مانای هەبوونی فروانی و دوو بینینە، هێشتا نەبۆتە یەك. لێرەدا یەکتاپەرست هێشتا بە تەواوی نەڕەستووە، چونکە هێشتا لە تەفرەقە و حاڵی پەرێشانی دایە ئەمەش چەمکێکە دواتر باسی لێوەدەکەین.

**ئاستی چوارەم:** لە هەموویان بڵندترە و وەحدانییەت لەم ئاستەدا وەهایە کە بێجگە لە یەك کەس، کەسی تر نەبینێت و هەموو بەیەك بزانێت و یەك بناسێت و جیایی ڕێی تێنەبات، ئەم ئاستە لای سۆفییەکان فەنا و توانەوەیە لە تەوحید دا. ئەمە پاکژترین جۆری تەوحیدە و تەنها خودا دەمێنێت، بێجگە لەو کەس نابینێت، تەنانەت خۆیشی لە بیر دەکات، لە ئاست خوێدا نامێنت و دەتوێتەوە، هەروەك چۆن شتەکانی تر لە پێشچاوی نامێنن و هەمووی دەبن بە زاتی ئەو. ئەمەش مەقامی جەمعە و ڕزگاربوونە لە پەرێشانی و تەفرەقە.

یەکتاپەرستی سۆفییەکان، لە یەکتاپەرستی پەیڕەوکارانی ئاسایی ناو دینی ئیسلام جیاوازە، ئەوان هێندە سەرقاڵ دەبن بە خوداوە، کەسی دیکەیان بیر نامێنێت، لە کاتێکدا نەیارانیان بە موشریك تاوانباریان دەکەن، ئەمەش لەو شوێنەوە دێت، کە بینین ئەوان بۆ تەوحید کورت دەهێنێت و ئاگاداری شێوەکانی پەرستشیش نین لای سۆفییەکان، سۆفییەکانیش لە هەندێك جێ بە دواوە، بۆیان گرنگ نییە چۆن تەماشا دەکرێن، چونکە پێیان وایە نابێت بچنە ناو قالوقیلەوە و دەرگای فیتنە داخراوە، شەیتان لە وێزەی کردنەوەی

دایە، هەر هێندەی سەرقاڵی باسوخواس بوون، ئەوا بنەڕەتەكەی خۆیان، كە سەرقاڵبوونە بە تاكیاری هەرهەبووی هەرمانەوە، بیردەچێتەوە و لە ئامانجەكەیان دوور دەكەونەوە.

لەم ڕوانگەوە عەزیزەدین نەسەفیش هاوشێوەی ئیمامی غەزالی و سۆفییەكانی دیكە جیاكاری كردووە بۆ جۆرەكانی تەوحید، پلەبەندییەكەشی ڕوونكردۆتەوە و لەم بارەیەوە دەنووسێت، لە فەرهەنگی زمانەوانی عەرەبی دا مانای تەوحید واتە بە یەكتادانانە، لە شەریعەت دا یەكتاگوتنە و لە تەریقەت دا یەكتازانینە، لە حەقیقەت دا یەكتابینینە. كەواتە لە شەریعەت دا مووەحید و یەكتاپەرست ئەوەیە كە (خودا) بە یەكتا بزانێت و خودا بە تاقانەیی بە زاردا بێت، لە تەریقەت دا یەكتاپەرست ئەوەیە كە خودا بە یەكتا بزانێت، لە حەقیقەت دا یەكتاپەرست ئەوەیە كە یەكتا ببینێت. لە شەریعەت دا مانای موسلیم و موئمین و مووەحید یەكشتن و مانای مونافیق و كافر و موشریكیش یەكشتن، بەڵام لای لێكۆڵەران هەر یەكەیان مانایەكی هەیە.))(نسفی، 1391،ص 214) نەسەفی لە كتێبی "ئادەمیزادی كامڵ" دا بابەتی تەوحیدی بە جۆریكی تر شیكردۆتەوە، لە بری ئەهلی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت، كە جیاكاری ڕوانینی ئەوانە و بەرجەستەكردنی وەحدانییەتە لە ژیانیان دا، سێ گروپی تر نیشاندەدات كە ئەوانیش ئەهلی تەقلید و شوێنكەوتن، ئەهلی بەڵگە و هەڵێنجان، ئەهلی كەشف و بینینن.

ئەهلی شوێنكەوتن مەبەست لە ڕەمەكی مەردوومە و كەسانی ئاسایین كە بڕوادارن بە خودا، ئەمانە بە زوبان دان بە یەكتاپەرستی خودادا دەنێن، بە دڵ گەواهی بە بوونی خودا و تاقانەیی و مەزنی و پیرۆز دا دەنێن و دەزانن كە ئەم جیهانە بەدیهێنەرێكی هەیە و ئەو ئەفرێنەرەش تاكوتەنیایە، سەرەتا و كۆتایی و سنوور و ئەوسەری نییە و بێچوون و بێتایە، زیندووە و زانایە، ویستمەندە و توانایەو بیسەر و بینا و گۆیایە. هەر ئەو ئەفرێنەرە وتە و كردەی بەندەكان دەبینێت و دەبیستێت و دانایشتە بە هەموو شتێك. ئەم تیرەیە كە شوێنكەوتوانی یەكتاپەرستان لە ڕێگەی هەست و بیستنەوە ئەم بڕوایەیان بۆ درووست بووە، نەك بە ڕێگای كەشف و بینین یان بەهۆی بەڵگە و بورهانەوە. ئەم تیرەیە ڕاستە بڕوادارن بە خودا، بەڵام هێشتا لە هۆكاربینین دا ماونەتەوە، چونكە هۆكارەكان بەرهەستن و ئەمانیش بە هۆی شتە بەرهەستەكانەوە بڕواكەیان وەرگرتووە. كەواتە لەم پلەدا كە سالیك داخڵی ناو بەزمی وەحدانییەت نەبووە: (بەزمی وەحدەت، زاراوەیەكە لای سۆفییەكان هەیە و سافی هیرانیش هێناویەتی)، كەسێكە هێشتا پلەی پشتبەخودابەستنی بەدەستنەهێناوە و بەهۆی بینینی زۆری هۆكارەكانەوە، هێشتا خەمی ژیانییەتی خەمی بژیوی و خەمی ڕواڵەتەكانییەتی، پشت بە قسەی ئەوانی دیكە دەبەستێت، تا ئەو ئاستەی ڕەنگە بە قسەی پزیشكەكەی وابزانێت كۆتایی هاتووە یان بە قسەی ئەستێرەناسەكان(نەك بورج خوێندنەوە) دنیای خۆی بەڕێوە ببات.

تیرەی دووەم كە ئەهلی بەڵگەن، بە دڵ گەواهی بۆ بوونی خودا و تاقانەیی و بڵندی و پیرۆزی خودا دەدەن، بە یەقینیشەوە دەزانن كە ئەم جیهانە خودایەكی هەیە، سەرەتا و كۆتایی نییە، بیسەرو بینەر و دانا و زانایە و كاروباری ئەمروومان لە دەستی ویدایە، ئەوەی ئەمانە لە تیرەی یەكەم جیادەكانەوە یەقینەكەیانە كە بەهۆی بەڵگە و دەلیلەوە وەدەستیانهێناوە. بڕوا و عاقیبەی ئەمان بەهۆی ڕووناكی عەقڵ و ئاوەزەوەیە. ئەوانەی سەر بەم تیرەیەن، یان سالیك كاتێك دەچێتە ئەم قۆناغەوە، بەهۆی بەڵگەی بڕاوەو حاشاهەڵنەگرەوە یەقینی بۆ دیتەدی، هەر ئەمەش وا دەكات كە هەموو دەسەڵات و توانا و ئیرادەیەكی خودایی بە پەڕگیر بزانێت كە جیهانیانی گەمارۆداوە، ئادەمیزاد و بونەوەران بێتوانا و دەسەوەسانن، هۆكارەكانیش وەك موسەبەبەكان، بێ دەسەڵات و بێ توانان، ئەمەش جەبرییەت دروست دەكات، ئادەمیزاد لەم جۆرەی تەوحید دا خۆی لە ناو جەبرێكی خودایی دا دەبینێتەوە، ئەوەش دەزانێت كە هیچ شتێك لەم جیهانەدا بێ ویستی خودا ڕوونادات، خودایەك كە خەزێنەی فراوانی هەن، خەزێنەی، ڕۆزی، هزر، زانست، حیكمەت، بەختەوەری... هتد، خودا بیەوێت بیدا بە كێ دەیدات، بیشیەوێت نەیدات، لە دەستی خۆی دایە. ئالێرەدایە كە یەكتاپەرستی كارێك دەكات، شیریكی شاراوە لاچێت، كە هۆكاری لە جیاتی خاوەن هۆ دەبینی.

هەرچی تیرەی سێیەمە كە ئەهی كەشف و بینینن، بە زوبان دان بە یەكتاپەرستیدا دەنێن، بە دڵ گەواهی دەدەن بۆ بوونی خودا و تاقانەیی و مەزنی و پیرۆزیی، ئەمەش لە ڕێی بینین و كەشف و دەرخستنەوەیە. ئەمانە بە تایبەتی تایبەتەكان ناسراون، هەموو پەردە و دیوار و حیجابێكیان لابردووە، گەیشتوونەتە موشاهەدەی خودا و شەرفمەندبوون بە دیداری خودا و دیویانە كە تاقانە هەر خودایە و بەس. هەر بۆیە ئەم تیرەیە دەڵێن ئەهلی وەحدەت، ئەمانە بە عیلمی یەقین زانیبویان، ئێستا بە عەینی یەقینیش دەزانن، چونكە ئیدی لە دەرەوەی خودا كەسی دیكە نابینن و نازانن، هەر خودا دەبینن و هەر خودا دەزانن. ( نسفی،1401،ص 23) ئەوەی كە مەحوی لە قەسیدەی بەحری نووردا لە پەسنی پێغەمبەر دا سەلامی خوای لەسەر بێت دەڵێت:

**ئەوەندەی لێ دەزانم بەم نەزانی خۆمەوە مەحوی**

**بە چاوی سەر خودابینە، بە چاوی دڵ خــودازانە**

کەواتە لە ڕوانگەی سۆفییەکانەوە ئەهلی وەحدەت، ئەوانەن کە لە ڕێی سەیر و سلووکدا، بە پاککردنەوەی دەروون، بەهۆی ڕەوت و ڕەفتاری گران و ڕاهێنانە ڕۆحییەکان و ڕۆژوو و نوێژ و شەوبێدارییەوە، لە فرەیی بینین تێپەڕیان کردووە، لە هێنانەوەی بەڵگە و دەلیل تێپەڕیون، هەر یەك لەو مەقامانەیان بڕیوە، جا گەیشتوونەتە ئەو جێیەی جگە لە زاتی خودا خۆی، هیچ شتێکی تر نەبینن، پشت بە هیچی دیکە نەبەستن، ئەمەش قۆناغێکی گرانە و لە تیۆر دا نامێنتەوە، بەڵکو پەیوەندی بە چەشە و گەیشتن و پراکتیك و ئەزموونی سالیکەوە هەیە. ئالێرەدا چەمکەکانی دیکەی بەرامبەر وەحدانییەت سەر دەردێنن، کە دەبێت، سەر لەنوێ پێناسە بکرێنەوە، کە شیرك و کوفرن.

## 2 : شیرك و کوفر

### 2-1. شیرك:

شیرك بە مانای هاوەڵدانان بۆ خودا دێت، هاودەم و یارویاوەر خێزان و ڕۆڵە بۆ خودا بڕیاربدەیت، پلەبەندی بدەیت بە خودا، یان دووانەیی بۆ خودا بڕیار بدەیت، خودای ڕووناکی و خودای تاریکی. ئەمەش باوترین جۆری شیرکە، زۆرینەی بڕواداران کە کەسێکی سەر بە عەقیدە و بڕوای خۆیان خۆشنەوێت ئەم تاوانە دەدەنە پاڵی، چونکە ئەمە بێزراوترین تاوانە کە هەموو بڕوادارێکی ڕاستەقینە خۆی لێ بەری دەکات. مێژووی هزری ئیسلامیش گەنگەشەی زۆری ئەمەی کردووە و لایەن و تاقمە جیاوازەکان یەکیان پێ تۆمەتبارکردووە و هەندێ لە قازییەکانیشیان زۆر بیرمەندی بڕواداریان بەو تۆمەتە لە دار داوە، نموونەی دیاریان سوهرەوەردی و مەنسووری حەلاج و عەینولقوزاتی هەمەدانییە. لای ئەهلی تەسەوف شیریك دوو جۆرە:

**شیرکی ئاشکرا:** ئەو جۆرە شیرکەیە لەسەر بنەمای ڕواڵەت دیاری دەکرێت، وەك پەرستنی بت و جۆرەکانی، ئەمە لەو ڕوانگەوەی کە بە ڕواڵەتی کەسەکەوە دیارە لە ناو خەڵکان دا، بۆیە بە شیرکی "ئاشکرا یان جەلی" ناسراوە.

**شیرکی نهێنی:** ئەو جۆرەیە لە شیرك لەسەر بنەمای ناواخن دیاری دەکرێت، کە بینی غەیری خودایە، ئەم جۆرەیان لەبەر ئەوەی بە ڕواڵەتەوە دیار نییە و ناخەکییە، بە شیرکی "شاراوە و خەفی" ناسراوە.

شیرکی ئاشکرا، گەلێك ئایەتی قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە هەن و فەرموودەی زۆریش هەن، کە شیرك تاوانی هەرە مەزن دانراوە و ستەمی گەورەیە، "کاتێ لوقمان - کە خەریکی ئامۆژگاری کوڕەکەی بوو - پێگوت، ڕۆڵەم! کەس مەکە شەریک بۆ خودا، شەریک بۆ خودا بڕیاردان، ناهەقییەکی زۆر مەزنە".(لقمان، 13) . ناردنی هەموو پەیامبەران لە ئادەمەوە تا خاتەم سەلامی خودایان لەسەر بێت، بۆ بانگەوازی تەوحید بووە، دوورکەوتنە لە شیرکی ئاشکرا بووە، ترۆپکی ئەمەش لە پێغەمبەر ئیبراهیم دەردەکەوێت لە شکاندنی ئاشکرای بتەکان و بێدەرەتان و دەسوەسان نیشاندانیان. بەڵام دەرکەوتنی پیاوانی خودا، ئەولیا و خاسان و چاکان و پیرانی تەریقەت بۆ ڕێنمایی مەردووم بووە، تا لە شیرکی شاراوە ڕزگاریان بێت.( گوهرین، 1376، ج6، ص 412). سافی هیرانی خوداپەرستانی ڕواڵەتی کە بە زاهید ناویان دێنێت؛ بە موشریکی شاراوە و خەفی دەزانێت و دەڵێت:

**زهدت خفای شرکت است،کفرم صفای رحمتست**

**نور ضیای وحدت است،عشق است هر چه بادباد**

زوهدی ڕواڵەتبینان، لە ڕاستیدا شیرکی شاراوەیە، بەڵام کوفری ئاشکرای من(کە ڕواڵەتبینان بە کوفری دەزانن) لە ناواخندا نیەتپاکی و ئیخلاس منە بۆ وەحدانییەتی خودا، لە ڕواڵەتدا شاردنەوەی وەحدانییەتی خودایە کە مانای کفر ئەوەیە، بەڵام کەسی بینا دەزانێت پەردە هەڵماڵینی لەسەر نووری ڕەحمەتی خودا.

### 2-2.کوفر:

هەرچی کوفرە، لە فەرهەنگی زمان دا بەمانای داپۆشین و داشاردن و شاردنەوە دێت. لە دینی ئیسلامیش دا مەبەست لە باوەڕنەهێنانە بە خودا، پێغەمبەر و شەریعەتەکەی و شاردنەوەی ئەو ڕاستەقینەیە. بەو مانایەی باوەڕنەهێنانە بە ڕاستەقینەیەك کە خودا و پەیامبەر و پەیامەکەیەتی کە شایستەی بڕواپێهێنانە. عەینولقوزاتی هەمەدانی کفر بە سێ جۆر دادەنێت: (همدانی، 1398، 111)

**كوفری ڕواڵەتی:** ئەمە پەیوەندی بە خوداوە هەیە، هەموو مەردووم دەیزانن، هەر كەس نیشانەیەك یان بنەمایەك لە بنەماكانی شەرع ڕەتكاتەوە یان بە درۆ بخاتەوە، كافرە، ئەمەش پێی دەوترێت كفری ئاشكرا و دیار و ڕواڵەتی و زاهیر.

**كوفری نەفس:** پەیوەندی بە ئیبلیسەوە هەیە. نەفس و بتە و بتیش خودایی دەكات. خودا دەفەرموێت: ((أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هو)) واتە: ئاخۆ تۆ ئەوكەسەت دیوە كە ئارەزووی خۆی دەپەرست؟ (الجاثیە، 23). ئەم كفرە هی ئەوانەیە كە بەندەی ئارەزوو و نەفسیان و هەواوهەوەست پەرستن.

**كوفری دڵ:** پەیوەندی بە محەمەدەوە هەیە دروودی خوای لەسەر بێت، ئەو مەقامەیە كە سالیك بەهۆی پەیوەستییەوە بە پێغەمبەرەوە تووشی شیرك و كوفر دەبێت، هەر چەند ئەوە فەرموودەی خۆیەتی كە فەرمویەتی: هەركەس من ببینێت خودای دیوە، بەو مانایەی كە ڕەفتار و گوفتاری پێغەمبەر ڕازاوەتەوە بە سیفاتە پەروەردەگارییەكان. هەر كات سالیك لەم مەقامە تێپەڕی، ئەوسا خودای ئەم مەقامە دەبینیت و شەرمەزار دەبێت و بڕوای تەواو بە تەوحید دەهێنێت و لێرەوە ئیمان دەستپێدەكات.

بەم جۆرە دەبینین، كفر سێ پلەی دیكەی بڕیوە لە چاو ئەو كوفرەی لە بابەتی عەقیدەدا باس دەكرێت، ئەمەش تەنها خۆی نییە، بەڵكو لای ئەهلی تەسەوف كوفر وابەستەی دوو بابەتی ترە، كە ئەوانیش تەوحید(یەكتاپەرستی) و ئیتیحادە (یەكێتی)، نەسەفی دەڵێت: لە كفرەوە بۆ گەیشتن بە تەوحید ڕێیەكی زۆر هەیە، لە تەوحیدیشەوە بۆ ئیتیحاد ڕێگەیەكی درێژە، لە ئیتیحادیشەوە بۆ وەحدەت ڕێیەكی درێژ، ئەوەشی ئامانج و مەقسودی سالیكان و ڕێبوارانی ڕێیە؛ وەحدەتە. لەم ڕوانگەیەوە سەرەتا باسی كوفر دەكات: ((مانای بەرامبەری كوفر داپۆشینە، داپۆشینیش دوو جۆرە. داپۆشینیكیان ئەوەیە كە بەهۆیەوە خودا نابینن و نازانن، ئەمەش كوفری ئەوانەیە كە لە سەرەتادان و ئەمە نارەوا و ناپەسەندە. بەلام داپۆشینێكی تر ئەوەیە كە بەهۆیەوە غەیری خودا نابینن و نازانن، ئەمەش كوفری پێگەیشتووانە، ئەم كفرە پەسەند و ستایشكراوە)).(نسفی، 1401، ص25) لێرەدا بۆ نیشاندانی هەردوو جۆرەكەی كوفر، ئەم فەرمایشتەی خودا دەهێنێتەوە: ((إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ * خَتَمَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ وَعَلَىٰ أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ)) واتە: ((گەلی خودا نەناسانیش بترسێنیت، یان ترسیان وەبەر نەهێنیت، وەكوو یەكە؛ ئەوان لە باوەڕهێنان خۆدەبوێرن، لە خوداوە دڵ و گوێیان مۆركراوە و پەردەیەكیش بە بەر چاویاندا كشاوە و بەشیان ئازاری بە ژانە))(البقرة، 6-7).

## دووەم: مەزراندنی بیری وەحدانییەت

سافی هیرانی بیرۆكە سۆفیانەكەی وەحدەت كە باسكرا، لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە دەمەزرێنێت، ڕەهەندێكیان ڕاستەوخۆ بەهۆی زاراوەی وەحدەت و تەوحیدەوەیە، وشەكەش بە شێوەی لێكدراو دەهێنێتەوە وەك: بەزمی وەحدەت، دەرگا وەحدەت، نووری وەحدەت، سیرڕی وەحدەت.. هتد. ڕەهەندێكی تری دەرخستنی تەوحید بەهۆی زاراوەكەوە نییە، بەڵكو بیرەكە بە زاراوە و چەمكی دیكە دەردەبڕێت، لە ناو وێنەی هونەری و زمانی شیعری و ئاماژە و وشەی توێكڵدار دا پەیی پێدەبرێت، لێرەدا هەر یەكەیان دەخەینە ڕوو:

### 1: نواندنی یەكتاپەرستی، لە ڕێی زاراوەی وەحدەتەوە

**بەزمی وەحدەت:**

سافی هیرانی وەحدەتی بەهۆی چەمكی بەزمی وەحدەتەوە، لە غەزەلێكیدا تەوزیف كردووە، (هیرانی، 2015، 397) ئێمە لە ڕێی ڕاڤەی زاراوە سۆفییانەكانەوە، بەیتەكانی ڕاڤە دەكەین و چۆنیەتی مامەڵەكردنی سافی وەك سۆفییەكانی دی لەگەڵ وەحدەت دا نیشان دەدەین.

**شب تار است روزم از هوای ماه سیما را**
**بود آری كه بینم روی خورشید جهان آرا**

مانای ڕواڵەتی و كوردی بەیتەكە وەهایە، ڕۆژم شەوی تاریك و نوتەكە لە تاو ئەوینی ئەو مانگ سیمایە، تۆبڵێی بتوانم ڕووی خۆرینی ئەو ببینم كە جیهان ڕووناك دەكاتەوە؟

بەڵام بە شیكردنەوە و چوونەوە سەر فەرهەنگی زاراوەی سۆفیزم، مانای كاكڵەیی وەدەست دێت. سالیكی ڕێی حەق لە تاو ئەوینی خودا، ڕۆژی ڕووناكی لێ بۆتە شەوی تاریك. لێرەدا هەردوو وشەی خۆر و مانگ بە مانای ئەدەبی تەسەوف ڕەمزن بۆ تەجەلای

خودا، بە تایبەت زاراوەی مانگرِوو یان مەهلەقا کە ((مەبەست لێی تەجلیاتی خودایە، ئەگەرچی خۆریش هەر تەجەلایە، بەڵام مانگ پەیوەستە بە مادەکانەوە، هەروەها رەمزە بۆ جەمال و جوانی یار)).(کەسنەزانی/بەرزنجی، 2023،ل 905) تەجەلای خودا لە رِێی مادەکانەوە ساناترە، وەك لە خۆر کە تەجەلای رەها و رِووناکی دەست پێرانەگەشتووە. چونکە خۆر رەمزی یەکتایی خودایە و بە جیلوەگای نووری خودا و سمبولی تاکایەتی خودا دادەنرێت، کە خۆی جیهانگیرە. ئەوەی سافی دەیەوێت بیڵێت، ئەوەیە راستە مانگرِوو، تەجەلای خودایە، بەڵام هێشتا وابەستەی جیهانی مادە و بەرهەستە، بەڵام خۆر سەر بە وەحدانییەت و تاقانەیی خودایە، وەحدانییەتی رەها و بێچوونە.

**به زندان بلا چون یوسف ار بـــاشی صبور ای دل**

**عـــزیـــزت مـی‌نـمـایـد سر انـــفـاسی زلـیـخا را**

واتە: دڵا ئەگەر لە زیندانی بەڵادا، وەك یوسف ئارامگرتوو و سەبوور بیت، ئەوا سەبرگرتنی تۆ بەخاتری رازی هەناسەی پرِ لە حەسرەتی زولێخا، دەتکات بە عەزیز. لە رِێی سلووك دا، بۆ گەیشتن بە وەحدەت، مورید توشی بەڵا و نارِەحەتی دەبێت، بەڵاش وەك دەرمانێکی تاڵ ناسراوە، کە دەروونی نائارام و بێ ئوقرەی پرِ شیفا دێت، بەڵام ئەو بەڵایە کە لە ئەزموونی سۆفییەکاندا بە زۆری حەوت ساڵە، مەقامی سۆفییەکە بڵند دەکاتەوە و خۆرِاگری پێ بە دەستدەهێنێت، کە بەو پلەیە دەچێتە پێگەیەك کە دەبێت بە رابەر، دەشبێت بە یەکێك لە خۆشەویستەکانی خودا. سافی ئەمەیشی بەهۆی چیرۆکی پێغەمبەر یوسفەوە روونکردۆتەوە، کە سیمبولی سەبرە و ئەزموونی ناو زیندانی ئەگەرچی بەهۆی زولەیخاوە بوو، کە زوڵەیخا رەمزی ئارەزووە و لای هەندێك لە سۆفییەکانیش رەمزی ئەوینە، بەڵام دواجار هەمر ئارەزووەکە بە رامکراوی دەبێتەوە بە هی تۆ و هەرگیز ئەوەی سەرەتاش نییە، هەمیش پلەوپێگەی بڵندت پێدەدرێت و مەقامی سەبر بە دەست دەهێنێت.

**نــه مــوسایم ولی از جلوه عکس جــمال دوست**

**ســراسر آتش عشق است دل چون طور سینا را**

واتە: موسا نیم، بەڵام لە تاو نواندن و تەجەلای وێنەی جوانیی یار، دڵی وەك توری سینام، سەراسەر هەر ئاگری عیشقە. شێخ جونەیدی بەغدادی لە بارەی موریدەوە کە باسی سیفاتەکانیان دەکات، وەك شوینکەوتەی پێغەمبەرانی خودا، دەفەرموێت: ((شەوق و حاڵی وەك شەوقی حەزرەتی موسایە لە دەمی رازونیاز و موناجات کردن دا)).(نیشابوری، 1397، ل456)، بۆیە سافی دەڵێت: راستە موسا نیم، بەڵام شەوق و تاسە وەهای لێکردووم، کە هەر خۆم وەك موسا، خۆم وەك توور و خۆشم وەك ئاگر لە تاو تەجەلای خودا؛ لە خۆمدا دەسوتێم. ئەمەش یەکێکە لە پلەکانی وەحدەتی سۆفی، کە سافی هیرانی لە رێگەی چیرۆکی داوای دیداری موسا لە کێوی توور دا باسی دەکات. لەم پلەیەدا، بەهۆی پاکردنەوەی نەفسەوە، کە سوهرەوەردی دەڵێت: دەبێت ماڵی دڵی بۆخاوێن بکەیتەوە، میوانداری تەجەلای خودا دەکرێت. بۆیە لە یەك کاتدا، سالیك دەبێتە موسا، دەبێتە کێو و دەبێتە کۆی نووریش، ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەکان وەحدەتە لە کەسرەت دا.

**در این کاشانه گر یک شــــب در آیی شمع وار ای دوســت**

**بــه بـــزم وحـــدتـــت کـــی جـــا دهـــم جـــمشـــید و دارا را**

ئەی دۆست، ئەگەر بە وێنەی شەمع، شەوێك بێیتە ناو کولبە و سەراکەمانەوە، بەزمی وەحدەت ساز دەدەین و جێی جەمشید و داراش ناکەینەوە.

وشەی بەزم لە بنەرِەتدا ((مەبەست لێی میوانی و جەژنگرتن و شادیکردن و شەرابنۆشی و کەیفخۆشییە. لە عیرفاندا مەبەست لێی کۆرِە جیاوازەکانی باری رِۆحی سالیکە. وشەی بەزم لەگەڵ چەند وشەی تردا هاتووە وەك، بەزمی تەریقەت، بەزمی مەحەببەت، بەزمی خەمر، بەزمی مەی، بەزمی تەماشا، بەزمی حزوور ...هتد.))( کەسنەزانی/بەرزنجی، 2023، ل252) لێرەدا بەزمی وەحدەت کاتێك ساز دەبێت، کە مەعشوق بێتە ناو ماڵی دڵەوە، چونکە موسائاسا کە تەجەلا دەکات دەبێت بە گرِی عەشق، بەڵام ئەو دەمەی تەجەلا ناکات، مورید دەکەوێتە فیراقەوە، دیسانەوە بە جۆرێکی دیکە تەقەلا دەکات، بەزمی وەحدەت ساز بکات، بەزمی وەحدەیش هێندە شکۆدار و شاهانە و تاقانەیە، جێی پیاوانی مەزنی وەك جەمشید و دارا نابێتەوە. جەمشید پادشای مەزنی ئێرانییەکان، کە زۆرجار لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا جیگۆرِکێی پێدەکرێت لەگەڵ سولەیمان دا، هاوشێوەییان لە هەندێك رِووەوە هەیە،

سیمبولی حیکمەت و عەقڵ و مرۆڤی کامڵە، بە پێی گێڕانەوەی شانامەکەی تووسی، کە نزیکی هەیە لە گێڕانەوەی چیرۆکی پێغەمبەر سولەیمان لە پەیمانی کۆن دا نەك گێڕانەوەی قورئانی پیرۆز. جەمشید جگە لەوەی پادشایەکی مەزنی ئەفسانەییە، یەکتاپەرستێکی کەموێنەیە. خاوەن فەڕ و بەرەکەتە، خاوەن شکۆ و موڵك و دەوڵەتە. بەڵام پاش لوتکەی دەسەڵات، توشی شیرك دەبێت و بانگەشەی خودایی دەکات، هەر بۆیە خودا دەیشکێنێت و لە هەموو دەسەڵات و بەرەکەت و شکۆیەك دایدەماڵێت:

**مـنی کـرد آن شـاه یـزدان‌شـناس    ز یزدان به پیـچید و شـد نـاسـپاس**

**گرایدون که دانید که من کردم این    مـرا خـوانـد بـاید جـهـان‌آفـریـن**

**چو این گفته شد فر یزدان از وی    گسست و جهـان شد پر از گفت‌وگـوی**

جەمشید بە پێی بەیتەکانی شانامە(قائم پناه، 1390،ص 136)، بەهۆی من منییەوە، خۆی لێ دەگۆڕێت و لەو پەڕی دەسەڵاتەوە کە خودا پێی بەخشیوە، داوای خودایی دەکات، هەر بۆیە ئەمە دەبێتە سیمبولی سالیکێك کە لەوپەڕی ئیمان و باوەڕدا، من منی بەسەری دا زاڵ بێت، نەفسی خۆی لێ بگۆڕێت و پێی وابێت ئەمە هەمووی کۆششی خۆیەتی و پشت لە وەحدانییەت کات، وەك چۆن دارا، یان داریوشیش یەکێك بوو لە پادشا گەورەکان کە ئاینەکەی لەسەر دینی زەردەشت بوو، ئاینی زەردەشتیش لە سەرەتادا وەحدانییەت بوو، بەڵام دوایی بوو بە دوانەپەرستی. لەمانەوە ئەگەر بڕوانینە بەیتەکەی کاکی هیرانی، کە دەڵێت: لە بەزمی وەحدەتی تۆدا جێی جەمشید و دارا ناکەمەوە، بە هەردوو ماناکەی ئامادەیە، یەکەمیان ئەمانە شکۆی دنیاییان هەیە، دوو پادشای مەزنی خاوەن دیوان و دەوڵەتی ناو مێژوون. کە ئەگەر تۆ شەوێك بێیتە مەجلیسمەوە، مەجلیسەکەم کە بچوکە و تەنها خودی خۆت و منی تیاین، ڕێ نادەم ئەو پادشا هەرە مەزنانە بێنە ناوی. ئەمەش ڕووە ڕەوانبێژییە زیادەڕەوییەکەیە، بەڵام ڕووە عیرفانییەکەی شتێکی دیکەیە. سالیك ئەگەر بگاتە بەزمی وەحدەت، بەڵام منێتی جەمشیدی هەبێت، جگە لە خودا، تەنانەت شەیتانیش بە هێزی باڵا بزانێت وەك دینداری سەردەمی دارا، ئەوا وەحدەتەکەی دەبێت بە شیریك و دەگەڕێتەوە سەر خاڵی سفر.

**به کوری رقیبانت بــه سویم گر نظر داری**

**بـه چشمم می نـیایـد دولـت دنـیـا و عـقـبا را**

بە کوێرایی ڕەقیبەکانتەوە، ئەگەر نەزەرێکت بۆم هەبێت و چاوێکم لێ کەیت، ئەوا من هەم دنیا و هەم ئاخیرەتیشم لە پێشچاو دەکەوێت و بۆم گرنگ نامێنێت. ئەمە نەریتی جیهانی سۆفیزمە کە دەگەنە پلەی وەحدەت و خودا بە مانا قوڵەکەی بە یەکتادەبینن، باکیان بە هیچی دیکە نامێنت، هەردوو دنیا، تەنانەت ئەو دنیا بە دۆزەخ و بەهەشتییەوە، دەبنە پەردە و ڕێگر لەبەردەم گەیشتن بە خودادا، ئەبو حەسەنی خەرەقانی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((خودایا هەندێك لە بەندەکانت نوێژ و ڕۆژوویان خۆشدەویت و هەندێکی دیکە حەج و غەزا، هەندێکی تر زانست و بەرماڵ، من لەم داوانە ئازاد کە، تەنها خۆتم خۆشدەوێت)).(حقیقت، 1385،ص 226).

**به مفتاح قبولت گر در امید نگشایی**

**به آبادی نبینی خانه ویران دل ما را**

واتە: ئەگەر بە کلیلی قبوڵکرن و وەرگرتنت، دەرگای ئومێدم لێ ئاوەڵا نەکەیت، ئیتر دڵەی ماڵوێرانم، جارێکی دیکە ئاوەدانی بەخۆیەوە نابینێتەوە. ئەم بەیتە بەستراوە بەو بەیتەی کە باسی جەمشیدی دەکرد، چونکە جەمشید، دوای ئەوەی من منێتی کرد، ماڵ وێران بوو، هەرگیز جاریکی دی ئاوەدانی بە خۆیەوە نەدیت. لە لایەکی دیکەوە دەربڕینەکە پەیوەندی بە قۆناغێکی سلووکەوە هەیە، کە هێشتا سالیك لە پلەی دووەمی وەحدەت دایە و نەگەیشتووە بە دوا پلە، ئالێرەدا لە نێوان ترس و تەما دایە.(هەر بۆیە دەکرا لە غەزەلەکە دا، ئەم بەیتە پێش بەیتەکانی پێشوو بێت). ترس و تەمایش وەك ئیمامی غەزالی دەڵێت: دوو باڵن کە ڕێبواری ڕێی خودا پێی دەڕوات بۆ بڵندبوونەوە لە پەروەردەگار، ئەمەش لەو دیدەوە دێت، ڕێگەی گەیشتن بە خودا گەلێك دژوار و پڕ هەڵەتە، تا تەما و هیوا و ئومێد نەبێت، کەس ئەو ڕێگەیەی پی نابڕێت، لەو لایشەوە ئارەزوی نەفس، تێکدەرو و سالیك بە تەفرەدا دەبەن، تا ترس نەبێت کەس خۆی لی نابوێرێت و پەرستشەکەی خۆیی لێدەبێتە سەرسامبوون بە خود ((هیوا وەکو هەوسارە کە مرۆڤ رادەکێشێت و ترس وەکو قەمچییە کە بەندە دەپرنگێنێتەوە)) (غەزالی، 1388،ل 675).

**اگر صافی نداری بیش از این ار وی شکیب آی**

**قـــدم نه در ره اخلاص و رو کن سوی بغدا را**

سافی! ئەگەر لەمە زیاتر سەبر و قەرارت نییە، بۆ بەزمی وەحدەت، نیەتپاکانە هەنگاو هەڵنێ و ڕوو بکە بەغدا. بەغداد لە سەردەمی خەلافەتە جیاکاندا بە شاری شاران دەناسرا و ناوەندی ڕوونبیری و ماریفەت بوو، بۆ ئەهلی تەسەوف لە ڕووی پێگەی جوگرافیاوە، ناوەندی بەیەکگشتنی سۆفییەکان بوو. لە ڕووی ڕۆحانییەتیشەوە مەزنترین پیری تەریقەتی لێیە، کە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە، هەر ئەویش پێداگری تەواوی بۆ وەحدانییەت کرد لە عیرفانی پراکتیکیدا و بە ڕێگەی شەریعەت، پاشان تەریقەت؛ یەکتاپەرستی بونیاد نایەوە.

ئەوەی سافی دەیڵێت: لە لایەکەوە دەستڕاگەیشتنە بە دوو پلەی یەکەمی وەحدەت، بەڵام لەو ڕوانگەوەی هێشتا لە ڕێی سلووك دایە، وابەستەی مورشیدی هەرە مەزنییەتی، بۆ گەیشتن بە وەحدانییەتی ڕەها دەبێت ڕوو لە بارەگاکەی پیرەکەی بکاتەوە. ئەمەش ئەو قۆناغەی یەکتاپەرستییە کە شاهنیعمەتوڵا وەلی بە قۆناغی کۆتایی دایدەنێت و ڕێبواری ڕێی وەك ڕێبواری سەرەتا نییە، ((تەوحید لە کۆتاییەکاندا جەمع و فەرقە، بەڵام لە سەرەتاکاندا، شادە و گەواهیدانە بە، لا اله الا الله وحده لا شريك له الاحد الصمد الذى لم يلد و لم يولد و لم يكن له كفوا احد.(شاه نعمت الله، 1398،ص 1033). سافی لە سەرەتاکاندا نییە، چونکە دەمێکە ئەوەی تێپەڕاندووە و خۆی دەستیگرە، بەڵام لە کۆتاییدایە، کە جگە لە خودا هێزێکی دیکەش دەبینێت، کە پیری غەوسی گەیلانییە، تاوەکو ئەو ڕێنمایی بکات، نەزەر و هێز وەربگرێت لەمەر تەفرەقەی وەحدەتە ڕزگاری بێت و بگاتە، جەمعی وەحدەت.

### 1-سیڕی وەحدەت؛ کە وەحدەتی بوون و بینینە:

جیهانی تەسەوف دامەزراوەیەکی بڕوایی و ڕۆحانییە، کە ڕواڵەتەکەی لەگەڵ زۆر گروپ و تاقمی دیکەی ناو جیهانی ئیسلام دا یەك نایەتەوە، چونکە پێیەکی لە فەلسەفە و هزر دا، پێیەکیشی لە ناو چەشە و ئەزموونداری دایە، هەموو ئەمانەش بەهۆی پەرستش و ڕاهێنانی ڕۆحییەوەیە، بۆیە یەکێك لە مەرجەکانی ناوی ڕازدارییە، بەیان نەکردنی پێگەشتنەکەیە و شاردنەوەیەتی لە نائەهل. ((ڕازپاراستن یەکێکە لە بنەما سەرەتایی و سەرەکییەکانی ڕێگای گەیشتن بە زاتی حەق. مورید ئەوەی لە نێوان خۆی و خودا دەگوزەرێت، گۆڕانە ناوەکی و جۆش و شەوق و چاوکرانەوەکان جگە لە پیرەکەی نابێت بۆ کەسی تری بەیان بکات.))(کەسنەزانی/بەرزنجی، 2023، ل 524) سوهرەوەردیی شێخی کوژراو، لە کتێبی نامەیەك لە بارەی دۆخی منداڵێتیی دا لەوە دەدوێت، هەموو ئەوەی لە ناو بازنەی تەسەوف دایە و ڕێبوار لە سەرەتاوە دەیەوێت فێری بێت، تا دەگاتە دوا قۆناغ، بابەتی چەشەیین و نابینرێن و بۆ کەسانێك کە ئەو ڕێگەیان نەبڕیبێت و لە ناو ڕێگەکەدا نەبن، درك ناکرێت، بگرە لە ئێستادا ئەوانەشی لە ناو ڕێگە کەدان، بە باشی لێی ناگەن، بۆیە وەجگاری شاگردە تازەهاتووەکە دەکات، هەرگیز نهێنییەکانی، چاوکرانەوە و فێربوونە خوداییەکەی نیشانی نامەرد و نا ئەهل نەدات، چونکە ئەوان بینا نین، دانا نین، ناتوانن ئەوە لە قوڵاییەوە هەست پێبکەن کە سالك هەستی پێدەکات، بۆیە گاڵتەجاڕی دروست دەکەن و ڕەنگە دڵی سالیکی تازەهاتووش سارد بکەنەوە.(سوهرەوەردی، 2021، ب2،ص 278). سەعدی شیرازی ئەمەی بە جۆرێکی دیکە بەیان کردووە و دەڵێت: هەر کەس لەمەر حەلقەدا نییە، کە زنجیرەی زوڵفی دۆستە و وەك داوی بەڵا وایە، ئەوا بێخەبەرە لەمەر ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن (سعدى، 1381،ص 39) و حافزی شیرازیش نەك هەر ڕازداری دەنوێنێت بۆ ڕێبواری ڕێی حەق، بەڵکو نموونەی حەلاج دەهێنێتەوە، کە چونکە سیڕی حەقی ئاشکرا کرد، نەریتی ڕێگەکەش پەنهانکردن و بەیان نەکردنە، بۆیە بە تاوانبار دانرا و درا لە دار. باسکردنی حافز دوو ڕووی هەیە، یەکێکان بەڵی هەقی خۆی بوو لە دار بدرێت، چونکە بازنەکەی شکاندن، یەکێکی دی تانە و تەشەرە لە بڕواداری سادە، کە نیشانداني ڕاستەقینەی خودا و شکۆ و مەزنییەکەی لە ناو بڕواداری ئاسایی دا تاوانە و کەسەکە لەسەری دەدرێت لە دار.

سافی سیڕی وەحدەتی بەستۆتەوە بە شێخی ئەکبەر و مەنسووری حەلاجەوە، چونکە ئەوان هەر یەکەیان بە جیا قوتابخانەیەکی وەحدەت بوون. شێخی ئەکبەر کە مەبەست لە ئیبن عەرەبییە(1165-1240ز) لە ناو جیهانی تەسەوف دا بەهۆی بیرە قوڵ و ورد و زۆر ئاڵۆزەکانییەوە ناسراوە، یەکێکیش لە چەمکە وابەستەکانی یەکتاپەرستی، دەدرێتە پاڵ ئەو. ئەگەرچی ئەو خۆی زاراوەکەی بەو جۆرە نەهێناوە، بەڵام بیرەکە بۆ ئەو دەگەڕێنرێتەوە. زاراوەی "وەحدەتولوجود"ە زۆرینەی نوسەرانی کورد وشەکەیان بە "یەکێتی بوون" وەرگێڕاوە، کە لە ڕاستیدا بە پێی بیرۆکەکە و خودی مانای زمانیی وشەکە، وەحدەت یەکێتی نییە، بەڵکو یەکتایی بوونە، یەکێتی واتە ئیتیحاد، ئەویش شتێکە کە جیایە تۆ لەگەڵ شتێکی دیکە دەبەستیتەوە و یەکێتی لە ناویاندا دروست دەبێت، بەڵام شتێك کە هەر خۆی تاقانە بێت، لەگەڵ هیچی تر دا یەك ناگرێت، بنەڕەتی بیرەکەش ئەمەیە کە بوون و وجود یەکتایە و لە دەرەوەی ئەو بوونە هیچی تر نییە، هەر شتێکیش هەیە، سەر بەو بوونە ڕەسەنە یەکتایەیە. یەکتایی، یەکگرتن، بەیەککردن، سێ زاراوەی وابەستەی یەکترین، کە دواجار دەبەسترێنەوە بە بیری نەك هەر حەلاج و ئیبن عەرەبی، بەڵکو لە دەربڕینە لێڵەکانی هەموو سۆفییەکاندا بەدەردەوێت. نەسەفی هەر سێ چەمکەکە لە باسی وەحدەتدا، بە بەستنەوەی بە کەسرەتەوە باس دەکات((مانای

هاوتای ئیتیحاد-یەکێتی، بەیەککردنە، یەکێتیش لە نێوان دوو شت دایە، مانای هاوتای وەحدەت-یەکتایی، تاقانەییە و لە تاقانەیی دا فرەیی نییە، کەواتە لە کوفر دا نارەوایی فرەیی هەیە و لە تەوحید دا فرەیی هەیە و لە یەکێتیش دا فرەیی هەیە، تەنها لە وەحدەت-یەکتایی دا فرەیی نییە، کە لە ئەمە خواستی خوازیاران و مەبەستی ڕێبوارانە))( نسفی،1401،ص 54). تێڕوانینی ئەهلی وەحدەت، کە دوا پلەی بەرکەماڵێتییە لە تەسەوف دا، بۆ وەحدەت وەهایە، کە بوون یەك دانە زیاتر نییە، ئەو دانەیەش خودای بڵند و بێگەردە، جگە لە بوونی خودا، بوونی تر نییە و ئەگەری ئەوەی نییە کە هەبێت. ئەمەش دەبێت بەو چەمکەی کە دواتر بە "یەکتایی بوون" ناودەبرێت و بەوەش ڕوون دەکرێتەوە، کە ڕاستە بوون یەك دانە زیاتر نییە، بەڵام ئەم یەکتا بوونە، هەم ڕواڵەتی هەیە هەم ناوەڕۆك. ناوەڕووك و دەروونەکەی ڕووناکی و نوورە، هەر ئەو ڕووناکییەش کە گیانی جیهانە و جیهان بەهۆیەوە پڕاوپڕە لە ڕووناکی. نورێکە گەلێ بێکۆتا و بێسوور و زەریای بێ کۆتا و بێکەنارە. "ژیان و زانست و ویست و توانای بونەوەران لەم ڕووناکییەوەیە، بینین و بیستن و وتن و بزواندنی بونەوەران لەم نوورەوەیە. سروشت و تایبەتمەندی و کردەوەی بوونەوەران دیسان لەم نورەوەیە، بەڵکو خودی هەمووان ئەم نوورەیە. هەرچی ڕواڵەتی ئەم بوونەیە، چرا و ئاگردانی ئەم نوورەیە، دەرکەوتەی سیفاتی ئەم نوورەن، تاك بە تاکی بونەوەران هەموویان پێکەوە دەرکەوتە و تەجەلای سیفاتی ئەم نوورەن. سالیك دەبێت لە فەرەیی بینین تێپەڕێت و بگات بەم نووره ڕەهایە و بە یەقینەوە بزانێت کە بوون یەك دانە زیاتر نییە. (هەمان سەرچاوە). دارشتنەوەی ئەم بیرە لای مەولانا ڕوومی وەهایە:

**ما عدمهاییم هستی ها نما**

**تو وجود مطلق هستی ما**

کە ئێمە عەدەمین بەڵام وەك هەبوو خۆمان دەنوێنین، تەنها تۆ وجود ڕەهای بوونی ئێمەیت، ئەم تیۆرە پیکهاتووە لە چوار بەش، کە بیرەکانی ئیبن عەرەبیشی لەسەر دامەزراوە و دواتر پەیڕەوکەرانی قوتابخانەکەشی مەزراندنی بۆ دەکەنەوە،

**یەکەم:** خودا تاقانەی بوونە و یان بوونی ڕەهایە و بوون تەنها تایبەتە بەو.

**دووەم:** جگە لە خودا واتە جیهان و ئادەمیزاد نەبوو و عەدەمن.

**سێیەم:** بوونی هەموو بونەوەران و بوونی تەواوی هەموویان بوونی خودایە"هەمووی ئەوە"

**چوارەم:** جیهان خاوەنی بوون نییە، بەڵکو خۆی وەك بوون دەنوێت، بە واتایەکی تر تەجەلا و دەرکەوتەی خودایە.(کاکایی،1382،ص 212). یەك مەوجودی ڕاستەقینە هەیەو کە ئەویش زاتی حەقە، ئەم وجودی حەقە، دەرکەوتن و دیاربوونی هەیە لە پلەی جیاواز دا، کە پێی دەوترێت دابەزینەکان، بە پێی ئەم تیۆرییە بێت، غەیری خودا واتە ئەم گەردوونە و ئەفرێنراوانەی کە دەیان بینین بە پلە و بە ئاستی جیاواز دەرکەوتنی ناو و سیفەتەکانی خودان، خودا وەکو زات موتڵەق و ڕەهایە، بەڵام لە دەرکەوتەکانی دا، فرەیی و بەندکردن (تەقیید)ی لێ پەیدا دەبێت، واتە کە خودا خۆی نیشان دەدات بۆ دەرخستنی ناو و سیفات و کەماڵاتی خۆیەتی، سیفاتی خودا، وردە وردە بەرجەستە دەبن، تا دەگاتە مرۆڤ ئەم مرۆڤە نزمترین مەرتەبەی تەجەلی خودایە، بۆ ئەوەی کەماڵ بەدەستبهێنێت دەبێت سەیر و سلووك بکات، تاکو بەهۆی بڕینی قۆناغەکانەوە لە فرەیی دەرباز بیت و بگاتەوە بە تاکانەیی زاتی حەقەوە. (بەرزنجی، 2018، ل24) ئیمامی ڕەبانی بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی چەمکی وەحدەتولوجود، لە بارەی وەحدەتی شهودەوە دوا، پاش ئەوەی کە ئیبن تەیمییە نەیارانی تیۆرەکەی ئیبن عەرەبی کەوتنە ڕەخنەگرتن لە بۆچوونی یەکبوونی بوون، تیۆری وەحدەتی شهود باسی یەکتابوونی لە ڕووی عەینیەیت و نیهادەوە گواستەوە بۆ ڕووی زەینی و ناواخنی. بەو جۆرەی کە ئەمە پەیوەستە بە حاڵەتێکی دەروونییەوە عارف لەدەمی ئەزموونکردنی عیرفاندا، خۆی دەبینێتەوە لە بەرامبەریدا، بەو مانایەی کە ئەو هەمووشت بە یەك دەبینیت و بەڵام لە دەمی دەربڕین دا تووشی هەڵەی بەیانکرد بووە، بە جۆریك باس لەو ئەزموونە دەکات کە وادەزانێت وەحدەتول وجودی، لە کاتیکدا ئەو ئەزموونە جگە لە یەکێتی بینین هیچی تر نەبووە.(کاکائی، 1382، ص244) جیاوازی هەردوو بۆچوونەکەش لەوەدایە کە ((پەیڕەوانی وەحدەتول وجود دەڵێن هەموو شتێك ئەوە، بەڵام ئەوانەی بڕوایان بە وەحدەتول شهود هەیە دەڵێن هەموو شتێك لەوەوەیە. لە ڕاستیداش وا دیارە کە دەربڕینی هەموو شتێك ئەوە لەگەڵ دەربڕینی هەموو شتێك لەوەوەیە، دژایەتی تێدا نەبێت.))(اولوداغلو، 1384، ص 100)سەبارەت بە مەنسووری حەلاج (858-922ز) ئەوەی کە سیرە بۆ ئەو و لە جیهانی سۆفیگەریدا بەربڵاوە، سیری حەقە. کە دیسانەوە نمایشکردنی وەحدانییەتە لە ڕێگەیەکی دیکەوە، کە چەشەییە. مەنسووری حەلاج، لە پلەی وەحدانییەت دا گەیشتبووە، ئەو ئاستەی کە پێیوابوو سالیك بەهۆی خۆداماڵین لە خواستە مرۆییەکان و ڕزگاربوون لە داوی نەفس، دەتوانێت بگاتەوە بە خودا، ئەمەش لە ڕێگەی خودی وەحدانییەتەوەیە، کە بەش دەبێتەوە بە گشت. دیارە بە پێی ڕای زۆرینەی لیکۆڵەران بیرەکانی حەلاج کاریگەریان لەسەر ئیبن عەرەبی هەبووە کە سەرەتای دەرکەوتنی بیرۆکەی وەحدەتول وجودە، بەڵام جیاوازی ڕیشەیشیان هەیە سەرەکیترینیان ئەوەیە کە حەلاج بڕوای بە دووانەی

عاشق و مەعشوق هەیە، بەڵام ئیبن عەرەبی بڕوای بە یەکبوونی بوونیان هەیە. حەلاج دەیویست ئەم دوانە بگەنەوە بەیەك، كە بەهۆی داوی دەروونەوە دابڕاون، بەڵام لای ئیبن عەرەبی جیاکاری نییە، بەڵكو بوون دوو ڕووی هەیە ناسووتی و لاهوتی، دەرەکی و ناوەکی.(حسێن، 2013، ل 229) ئێستا با بڕوانینەوە بەیتەکانی سافی هیرانی لە سیڕی وەحدتدا:

**اول و آخر به معنی ظاهر و باطن یکیست**

**پس چرا دیوانگان عشق کشتن را صواب؟**

**قول شیخ اکبر و منصور سر وحدت است**

**بر سر اثبات وحــدت کشتنی نــبود عـذاب**

**مردن ایشان حیات و وصل جانان در پی است**

**بــهر این هــرگز ز قتل خــود نــدارند اضطراب**

ئەوەی سافی هیرانی دەیکات، گرێدانەوەی بۆچوونەکانی حەلاج و ئیبن عەرەبییە، حەلاج لەسەر بیرەکانی لە دار دەدرێت، بەڵام ئیبن عەرەبی دەمێنێتەوە، ئەمان هەردووکیان نهێنی وەحدەتیان دەزانی و لە ناو دەستانیاندابوو، چەشتبوویان، بۆ خەڵكیشیان بەیان دەکرد، بەڵام عاقیبەتی ئەم دووانە جیابوو، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، چوار ناوی خودا دەهێنێت، کە دەلالەتن بۆ شتی دیکە. دیارە ئەوەی سەرەتایە، کە خودایە و واجبی وجوبە، لەسەرەتادا هەر خۆی هەبووە. ئەوەی دوایەمینە هەر خۆیەتی، لە کۆتایشدا تەنها خۆی دەمێنێتەوە. ئەوەڵ و ئاخر هەڵگری هەرمانی و هەرهەبوونیشی تێدایە، کە دیسانەوە بەشێکن لە بەڵگە بۆ نیشاندانی وەحدانییەتی خودا. زاهیر و باتین دیسانەوە کە ناوی خودا لە پاڵ دوو ناوەکەی تردا ئاماژەن بۆ وەحدانییەتی خودا و نیشاندانی خالقێتی وەك چۆن دەفەرموێت: ((هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)) واتە: ((پێشوو ئەوە و، دوایی ئەوە و، لەبەر چاوە و نادیارە و، لە هەموو شت ئاگادارە.)) (الحدید، 3) تێڕوانینی عارفانە لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا وەهایە کە، ئەوەڵە لە پێش هەموو ئەفرێنراوەکانەوە هەیە، سەرەتای نییە، کۆتایی نییە، بەڵام دوایەمینە، زاهیرە و دەرکەوتووە بۆ هەموو کەس و هەموو شتێك، بەڵام ڕێگر و غالب نییە. باتنە هەموو پۆشراوەکان دەبینێت، بەڵام حیجاب نییە. یەکەمە بە هەر هەبوویی، دوایەمە بە هەرمانی، زاهیرە بە بەڵگە و دەلیل، باتنە بە سەمەدییەت. یەکەمی هەموو نیعمەتێکە، کۆتایی هەموو میحنەتێکە، زاهیرە بە نیشانە و بەڵگە، باتنە بە حیکمەت و دانایی. دواجار خودا بەهۆی ئەم ئایەتەوە بە شێوەی ئاماژە و پەنامەکی نیشانی دەدات بە ئادەمیزاد کە جیهانی ئادەمیان چوار دەستەن، دەستەیەکیان لە سەرەتادا و کاتە یەکەمەکانی ژیاندا بە کەڵکی تۆ دێن، ئەمانە باوکانن. دەستەیەکی تریان لە کۆتایی و ئاخری تەمەن و پیری و لاوازی دا بە کەڵکت دێن، ئەمانە ڕۆڵەکانن. دەستەیەکی تر دۆستان و برادەرانی موسوڵمانن کە بە ڕواڵەت لەگەڵتدان و هاوسۆزتن. دەستەی چوارەم خێزان و ژنان، کە لە ناوەوە و دەروونی تۆدان و لە و دەمانەدا بەکەڵکت دێن. خودای پەروەدەگار دەفەرمویت پشت مەبەستە بەمانە و متمانەیان پی مەکە، ئەمانە بە کارسازی خۆت مەزانە، چونکە هەر خودا هۆی سەرەتا و دوایەمینە، هەر خۆشی سەرەتا و کۆتایی کارەکانت ڕادەپەڕێنیت، کاروباری زاهیر و باتنت.(میبدی، 1389، ج9،ص 485) مادەم خودا خۆی دەفەرموێت زاهیر و باتن و ئەوەل و ئاخر هەر خۆیەتی، دەی خۆ کاری حەلاجیش هەر سەلماندنی فەرمایشتی خودا بوو، ئەی بۆچی ئەوانەی شێتی ئەوینی خودابوون، بە شایستەی کوشتنیان دانان؟ خۆ وتەی مەنسور و شێخی مەزنیش، بۆ سەلماندنی ئەم فەرمایشانەی خودابوو، کە ڕازی وەحدەتە، ئەی بۆ سزادران؟ خۆیشی وەڵامی دەداتەوە، ئەگەر عارفێك بەو مەشەقەتە گەیشتبێت بە نهێنی وەحدەت، بیەوێت بە بەڵگەوە ئەو وەحدەتەی کە خودا باسی دەکات، ئەم بۆ بەندەکانی بسەلمێنێت -چونکە خۆی چەشتویەتی- لەبەر ئەوە بدرێت لە دار و بکوژرێت، بێگومان هیچ ئازارێکی نییە، چونکە ئەو لە پێناو وەحدانییەتدا دەکوژرێت، کە خودا شایستەیەتی و تاکە گوناهێکیشە دەرگای لێخۆشبوونی بە ڕوودا داخراوە. سیفاتی عارفی کامڵیش ئەوەیە لە وەحدەتدا بارگەی و بنەی خستووە، جگە لە خودا نەکەس دەبینێت نە کەس دەناسێت، نە ڕازی ئەم وەحدانییەتەشەی بۆ کەس بەیان دەکات، وەك چۆن بایەزیدی بەستامی دەڵێت: ((عارف ئەو کەسەیە کە لە خەو و بێئاگایی دا، جگە لە خودا هیچی تر نەبینێت، لە بێداری جگە لە خودا کەسی دیکە نەبینێت، بێ لەو لەگەڵ کەسی تردا هاودەمی و سازشی نەبیت، سڕ و ڕازی خۆشی بەو خودا نەبێت بۆ کەسی دیکە بەیان نەکا)).(نیشابوری، 1398،ص 194)

**مردن ایشان حیات و وصل جانان در پی است**

**بهـر ایـن هـرگز ز قـتـل خـود نـدارند اضطـراب**

مردنی ئەمانە لە گەلێك لاوە جێی نیگەرانی نییە بۆیان، چونکە ویستویانە ئایەتی قورئان بسەلمێنن سەبارەت بە وەحدەت، بە مردنی جەستەیی، دەکەونە ناو ژیانی پێگەشتن و وەسڵەوە، ئەو شوێنەی کە ڕەقیبی لێنییە، ئەویندار بە دیداری یاری خۆی شاد دەبێت، کەسێك لەسەر وەحدانییەت بکوژرێت و پلەیە شەهادەتی هەبێت و بشگات بە دیارەکەی، بۆ دەبێت نیگەران بێت؟

**واصل محبـوب می‌گردنـد آنان در مـمات**

**جلوه معشوق می‌جويند ايشان از حساب**

ئەوان بە مردن دەگەنەوە بە یار، لە پاداشتی کوشتنەکەشیاندا دەرکەوتنی یاریان دەوێت. دواجار سافی خۆیشی کە شوێنکەوتەی قوتابخانەی ئەهلی وەحدەتە، وەسڵی یاری واحیدی دەوێت، داوی گیان سپاردن و گیانبەخشین دەکات بۆ ئەوەی بگات بەو وەسڵە. دیارە لای ئەهلی تەسەوف ((مردنی پێش مردن)) هەیە. کە کوشتنی نەفسەکان و پساندنی داوە دنیاییەکانە. بۆ ئەوەی سڕی وەحدانییەتت بۆ دەربکەوێت کە بۆ ئیبن عەرەبی و حەلاج دەرکەوت، ئەویان تاوانبار کرا و ئەمیان کوژرا، دەبێت حیجابەکان لابەیت، ئەوجا دەگەیت بە وەسڵ.

**صافيا چون وصل جانان در پی جان دادنست**

**جــان بـده تـا بهـر تو از روی بــردارد حجــاب**

لە کۆتایی غەزەلەکە پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا سافی هیرانی گەیشتووە بەوەی کە حەلاج و ئیبن عەرەبی پێی گەیشتوون؟ ئایا باسکردنی ئەوان تەنها کەرەستەی شیعرییە، یان ڕێگە و شوێن پێهەڵگرتنی ئەوانە؟ بۆ دۆزینەوەی ئەوەش ڕەنگە پێوست بێت بچینەوە سەر ژیانی سافی هیرانی، کە بە پێی میتۆدی توێژینەوەکان ڕێم پێنادرێت، بەڵام لەو ڕوانگەوەی مەقامەکانی سۆفیزمی تەی کردووە، گەیشتوتە بە پلەی ڕابەرایەتی دەتوانرێت بڵێن، شوێنی ئەو سۆفییە مەزنانەی هەڵگرتووە بە سلووك، بەڵام خودی خۆی نەبۆتە قوتابخانەیەکی تایبەت و وەك ئەندامێکی مەدرەسەی ئەو دوانە ماوەتەوە.

### 2-دەرگای وەحدەت:

لە پێشتر باسکرا وەحدەتی عارف ئەوەیە، کە خودا بەیەکتا ببینێت، ئەمەش پلەیەکی گرانە و هەموو کەس پێی ناگات، بەڵام سافی هیرانی وەهای دادەنێت، کە دەرگایەکە دەبێت خودا خۆی بانگهێشت بکات، بۆ یەکتابینین، ئەمەش بەو مانایەی دیسانەوە لە ناو وەحدەت دا هەموو شتەکان دەسپێرێتەوە بە خواستی خودا خۆیەوە، ئەگەر بیەوێت یەکێك بانگهێشتی مەقامی یەکتابینین بکات، دەیکات ئەگەریش قبوڵی نەکات دیسانەوە خۆی خاوەن ئیرادەیە.

**کـاشانـه‌ی جـاه تـو "دنی فتدلی" است**

**بگشاده ز تو از شب اسرا در وحدت**

واتە: جێی و مەنزڵی تۆ، نزیکبوونەوە و شۆڕبوونەوەیە بۆ لای خودا، وەك چۆن خۆی فەرموویەتی لە قورئاندا(النجوم، 8) هەر خۆی دەرگای وەحدەتی لە شەوی ئیسرادا بە ڕوودا وەڵاکردی. دیارە ئەم بۆچوونە هی زۆریك لە عارفەکانی دیکەشە. چونکە مەسنووری حەلاج سەبارەت بە تەوحید دەڵێت: جیاکردنەوەی حەدەسە لە قەدەمر، پاشان پشتکردنە حەدەس و ڕووکردنە قەدەمە. ئەمانەش هەمووی پەراوێز و زیادەکاری تەوحیدن، بەڵام تەوحیدی ناپاب، فەنابوون و نەمانە لە ناو قەدەمر دا، لە دەست حەدەس، تەنها پێغەمبەری خودا ڕێی حەقیقەتی تەوحیدی دەبڕێت.(بقلی شیرازی، 1387،ص 823). بەڵام ئەم دەرگایە کڵۆمنەدراوە، بەهۆی کۆشش و جوهدەوە، بەهۆی زیکر و فیکر و تێڕامان لە کاری خودا، بۆ سالیکانی دیکەش دێتە دی. جیاوازییەکەی ئەوەیە، پێغەمبەر هەڵبژێراوی خودایە، سەلامی خوای لەسەر بێت و لە بنەڕەتدا دروست بوونی کەون بەهۆی ئەووەیە، بۆیە دەرگای وەحدانییەتی بەڕوودا دەکرێتەوە بە مانا تەسەوفییەکە، بە مانا شەریعەتییەکە خۆی سەرچاوەی تەوحیدە و زیندووکەرەوەی ئاینی یەکتاپەرستییە. ناوەکەشی لە پاڵ ناوی خودا دێت، بۆ گەواهی دان بە تاقانەی خودا و تێراوی ئەودا.

مەولەوی لە باسی وەحدەت و یەکتاپەرستی و شادە و ئیماندا بە تاقانەیی خودا و فرستادەیی پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت، بە شێوەیەکی جوانیناسی چەمکەکە ڕوون دەکاتەوە، گۆکردنی وشەی تەوحید کە "لا اله الا الله"یە، بە چەشنێکە وشەکانی لە هەناوەوە دێن، ئەمەش ئەو کاتەیە کە زار ئاتاجی بە لچ و لێو نییە، بۆ دەربڕین، خودی دەستەواژەکەش کامڵ و بێ خاڵە، هیچ گەردێکی نییە، چونکە پیتەکان خاڵیان نییە. بەم تێڕوانینە جوانیناسییانە ڕواڵەتی وشەکەی بەستۆتەوە بە دەروونی کەسی یەکتاپەرستەوە، کە لە قوڵاییەوە دێت و ناگەڕێتەوە بۆ کەنار، قۆناغێکە کە بە دەریای تەوحید ناسراوە عارفەکان کاتێك دەگەنە ئەو پلەیە، لە فەنادان، لە سڕینەوە و داماڵینی خۆیاندان، هەموو شتێکیان بووە بە خودا، بەڵام پاشتر لە فەناوە دەچنە بەقا، ئەمەش

گەڕانەوەیە بۆ کەنارێك کە بەشی دووەمی شادەوئیمانە "محمد رسول الله"یە. کە پیتەکانی بە لچ و لێو دەوترێن، هەرموو میمەکە، گەڕانەوەیە بۆ کەنار، بەڵام دیسانەوە بێ خاڵ و نوختەیە و دوورە لە گومان و بێگەردانە بڕوا بەوە دەهێنرێت کە نێرداوی خودایە، لێرەوە مەولەوی عارف بە کەسێك دادەنێت لە دەریای تەوحیدایە، بەڵام بەهۆی بەقاوە گەڕاوەتەوە بۆ سەر وشکانی و سەجادەی ڕێنماییکردنی مەردوومان و خزمەتکردنی مەخلوقی خودا. ئەمەش ئەو دۆخەیە کە لە لە یەکتاپەرستی دا ((ئەهلی تەسەوف پێی دەڵێت فەنافیللا، گەڕانەوە بۆ حاڵەتی ئیعتیدال و پێوەندی لەگەڵ خەڵکیش پێی دەڵێن بەقالیلا، ئەم حاڵانە پێوستە لەگەڵ نیسبەتی حەزرەت دابێ درودی خوای لێبێت، ئەو حاڵەتی خەڵوەت و پیوەندی تایبەتی بە خوداوە بووە، وەك (چۆن) حاڵەتی تێکەڵی و پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا بووە)).(مەولەوی، 1988،ل 124).

کەواتە سالیك دەرگای وەحدەتی بۆ واڵا دەبێت و دەگاتە ئەو بێگەردییەی یەقین، بەڵام دەبێت لە زکری خودادا، خۆی داماڵێت لە غەیری خودا. زکری کاریگەری مەزنی هەیە لەسەر جەلادانی دڵی سالیك، وەك چۆن جەستەی زارۆك بەبێ شیر گەورە نابێت، وەهاش دڵ ناتوانێت بەبێ زکر گەشە بکات و گەورە ببێت و بگاتە بەرکەماڵی. لەگەڵ زیکر و یادی خودادا، فیکریش گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە نەریتی تەسەوف دا پشت بەو فەرموودەیە دەبەستن کە دەفەرموێت: سەعاتێك بیرکردنەوە لە مەزنی خودا، خێری شەست ساڵ پەرستشی هەیە. زیکر و فیکریش پلەبەندی هەیە، وەنییە کە سالیك بە یەك پلە بگاتە پلەی یەکتاپەرستی و دەرگا واڵابوون. پلەکانیان بە چوار داناوە، سالیك تا نەگاتە پلەی چوارەم لە زیکر دا، بێبەهرە دەبیت لە فیکر، بەڵام کە گەیتشە ئاستی چوارەم ئەو دەم فکر پەردە لادەدات و دەگاتە جوانی فکر، هەر گەشتە ئەوەی دەستی بە جوانی فیکر و بیرکردنەوە ڕاگەیشت ئەوە گەیشتۆتە سەرەتای ڕێی تەسەوف، کاتی ئەوە دێت کە ڕێوووارێ ڕێ لە غەیری خودا پاك بیتەوە و بە ڕووناك و نووری حەق ڕۆشنبێتەوە، مادەم دڵی ڕێبواری ڕێ لە غەیری خودا پاکژبوویەوە، بە نووری خودا ڕۆناك بوویەوە، نووری فکر بەسەر نوری زیکر دا زاڵ بوو، سالیك لە یادکردنەوە وەستا، ئەوە گەیشتۆتە سەرەتای تەوحید.( نسفی، 1391، ص 108)

### 3-ئەزەلیبوونی وەحدانییەت:

سافی هیرانی لە یەکێك لە غەزەلەکانیدا مەزراندنی بیرە عارفانەکان دەکات، کە کۆی پرۆسەی سلووك و هەوڵی گەیشتنەوە بۆ خودا، مێژوویەکی بنچینەیی هەیە، پەیوەندی بەم ژیان و جیهانەوە نییە، بەڵکو پەیمان و بەڵێنی نێوان خودا و بەندەکانە لە ڕۆژی ئەزەل دا.

**گنج توحید ز ازل این دل ویرانه ماست**

**بــرزخ هستی ولی قفل در خـانه ماست**

واتە: دڵەی وێرانەی ئێمە، لە ڕۆژی ئەزەلەوە، گەنجینەی تەوحیدی تێدایە، وەك چۆن لە ئەفسانەکاندا هاتووە کە گەنجینەی گرانبەها لە وێرانە و خاپورخانەدایە، بەڵام کلۆمدراوە بەهۆی بەرزەخی وجودەوە. ئەزەل دەمانی پێشینی بەر لە خەلقی مەخلوقاتە. لای عارفان وادەی دیداری خودا و ئەوان بەر لە هاتنە ئەم دنیایە و هەر لەوێش تیشکی ئەوینیان لێ وەرگرتووە، هەندێکی تریش هەر لەوێ لە چارەیان نووسراوە ئەوینداری عەشقی مەجازی بن. (کەسنەزانی/بەرزنجی، 2023، ل 539). هەندێکی کەم لە مەردووم ئەو پەیمانەیان وەیاد دێتەوە، بەڵام سافی نەك لە یادییەتی، دەشزانێت کە گەنجینەی یەکتاپەرستییەکە بە هاتنە ناو جیهانی ناسووتەوە کلۆمدراوە. کردنەوەکەشی بەهۆی ڕاز و سرێ بوونەوەیە کە خودا پێی بەخشین، ئەمەش نهێنییەکە هەرگیز ئاوەز پەیی پینابات تا ئەو گەنجینە گرنگەی وەحدانییەت بدۆزێتەوە، بەڵکو هەمم نهێنی خودی بوونە هەمیش بەخششی خوداییە.

| | |
|---|---|
| **فاتحش سر وجودست به کـاشانه جــود** | **نه ره عقــل بــدان گوهر یکـدانه مــاســت** |
| **مرغ ما بس که ز وحدت اثر وحشت یافت** | **مــدد عــالــم معــنی سبب دانـه مــاســت** |
| **صید لاهوتی ما زین قفس ناسوتی است** | **بــر صیاد کــنــد جلوه، نــه مردانه مــاست** |

مانا گشتییە کە وەها دەردەچێت، ئێمەی باڵندە هێندە لە وەحدەت ترس گرتبووینی، تا فریادڕەسی جیهانی مانا بووە دانە و ڕاوی کردین. دوو بەیتی کۆتایی بە دوو جۆر مانا دەکرێت، یەکەمیان ئەوەی کە ڕۆحی ئێمە لە جیسمەوە (زیندان) خۆی دەنوێنێت بۆ مەعشووق، ئەویش دەمانگرێت، وەگەرنا ئەوە ئازایەتی ئێمە نییە، کە دەچینەوە بارەگای وەحدانییەتی. بە مانایەکی دیکەی، ئێمە بەم قەفەزە ناسوتییەی خۆمان، دەمانەوێت ڕاوی لاهوت بکەین، کە خۆی بۆ دەرخستووین، ئەمەش مەردانەیی خۆمان نییە، بەڵکو بە هۆی لوتفی مەعشوق خۆیەوەیەتی، کە دەمانەوێت نووری ئەو لە دڵی خۆماندا بگرین. مانا گشتییەکەشی ئەوەیە کە سوهرەوەردەی لە نامەی عەقڵی سوور دا باسی دەکات و لێرەدا بەشێکی دەهێنینەوە:

((سەرەتا، وێنەکێش کە ویستی بناغەی بوونی من دابڕێژێت، منی لەسەر شێوەی هەڵۆیەك ئەفراند، لەو وڵاتەی منی لێ بووم، هەڵۆی دیکەش هەبوون و ئێمە وتووێژمان دەکرد و لە یەکتر تێ دەگەیشتین. گوتی، ئەو حاڵە، چۆن بەم جێگەیە گەیشت؟ گوتم، ڕۆژێك ڕاوچیانی قەزاوقەدەر داوی چارەنووسیان نایەوە، دان و تۆوی ویستیان بۆ ڕۆ کردم، ئاوا ڕاویان کردم و لەو وڵاتەی خۆمان کە لانە و نیشتمانی من بوو، بۆ وڵاتێکی دیکەیان بردم. هەردوو چاومیان دوورییەوە و چوار بەندی جیاوازیان لە دەست و پێم ئاڵاند، دە کەسیان کردە سەرپەرشتی من کە پێنجیان ڕوویان بەرەو ڕووی من و پشتیان بەرەو دەرەوە بوو، پێنجەکەی دیکەیشان بە پێچەوانەوە، پشتیان لە من و ڕوویان لە دەرەوە بوو. ئەو پێنجە کە ڕوویان لە من و پشتیان بەرەو دەرەوە بوو، بە جۆرێك منیان خستبووە جیهانی حیرەت و سەرسووڕمانەوە کە نیشتمان و هێلانەی خۆم و هەرچییەك لەوێ هەبوو لە بیرم چووبوویەوە و وام دەزانی هەر بەم شێوەیە بووم. دوای ماوەیەك، کەمێك چاومیان کردەوە، هێندەی ئەو کرانەوەیە دەمڕوانی و شتانێکم دەدیت کە هەرگیز نەمدیبوون و سەرم سووڕ دەما. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەرەبەرە، زیاتر چاومیان دەکردەوە و شتی سەیروسەمەرەم دەبینی و واقم وڕ دەما، دواجار تەواو چاومیان کردەوە و جیهانیان بەم شێوە و ڕوخسارەی کە هەیەتی نیشان دام و منی گیرۆدە لە بەند و دەستی ئەواندا، دەمڕوانی و لەگەڵ خۆمدا دەمگوت، بڵێی ڕۆژێك ئەم چوار بەندە جیاوازە لە من هەڵبگرن و ئەم بریکارانە لە کۆڵم ببنەوە، پەڕ و باڵم لە داو دەرباز ببێت و بە ئاسوودەیی باڵ بکەمەوە و با بۆ چرکەساتێکیش بێت بە ئاسماندا بفڕم و لە بەند و داو ئازاد بم؟)) (سوهرەوەردی، 2022،ب1، ل 454) ئەم چیرۆکە ڕەمزییە سوهرەوەردی، هەمان ئەو بیرۆکەی باوی ناو جیهانی سۆفیزمە، بۆیە لێرەدا سافی هیرانیش، باس لەو داوە دەکات، کە مرۆڤی گیرۆدە کردووە، ناچاری کردووە، بۆ گەشتنەوە بە یەکتاپەرستی و وەحدانییەتی سەرەتا، ئەو قەفەز و داوانە تێکشکێنیت، ئەوسا دەگاتەوە بە ئاسمان و ڕۆحی ئازاد دەبێت. هیرانی چەشنی سوهرەوەردی ڕۆحی مرۆڤ بە مەل دادەنێت، کە قەفەزی جەستە ڕێگرە لەبەردەم چوونەوەی بۆ ناو جیهانی لاهووت، بەڵام بە شکاندنی نەفس مرۆ هەڵۆ ئاسا دەتوانێت بچێتەوە ئاسمان، هەڵۆکان چۆن بە غەریزە سەر بە ئاسمانن، مرۆڤەکانیش بە غەریزە سەر بە جیهاتی لاهووتن و دەبێت بۆی بگەڕێنەوە.

**نعمت حق چو به هر ملحدکی نیست دریغ**

**بــر این خــوان کـرم واله و فرزانه مــاست**

پێدانی بەش، خودایە خوداش وەحدانییەتی خۆی نادات بە هەمووکەس، هەموو کەسیش ناتوانێت پەیمانەکەی ڕۆژی ئەزەلی بە بیر بێتەوە، ئەوە لوتف و بەخششی خوایە کە بەشی ئێمەی داوە.

شێخ عەبدولقادی گەیلانی(کە سافی دەیان غەزەلی تایبەتی بۆ نووسیوە) گەڕانەوە بۆ نیشمانی ئەزەلی وەها باس دەکات، ئادەمیزاد دوو جۆرە: جەستەیی و ڕۆحانی، جەستەیی مرۆڤی ئاساییە کە دەیبینین، ڕۆحانییەکە ئەو مرۆڤە تایبەتەیە، کە ئیحرامی بەستووە تا بۆ نیشتمانەکەی بگەڕێتەوە. ئەگەرچی هەردووکیان هەر دەگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان، بەڵام گەڕانەوەی مرۆڤی ئاسایی بۆ نیشتمانەکەی، لە ڕێگای جێبەجیکردنی شەریعەت، تەریقەت و مەعریفەتەوە دەبێت، بە ئەنجامدانی کاری چاك، بەبێ ئەوەی مەبەستی ڕوپامایی و ناوبانگ بێت. بەم پێیە دەگەڕێتەوە بۆ پلە بەرزەکانی ناو بە هەشت، کە سێ پلەن، یەکەمیان، بەهەشتی جیهانی موڵکە، کە پێی دەوترێت جەنەتول مەئوا، دووەمیان بەهەشتی جیهانی مەلەکوتە کە پێی دەوترێت جەنەتولنەعیم، سێیەمیان بەهەشتی جیهانی جەبەرووتە، کە پێی دەوترێت جەنەتول فیردەوس. خۆشی ئەم بەهەشتانە خۆشی جەستەیین، دیارە جەستەش ناگاتە ئەم جیهانانە بە سێ زانست نەبێت کە بریتین لە:، زانستی شەریعەت و تەریقەت و مەعریفەت. بەڵام گەڕانەوەی مرۆڤی تایبەت بۆ نیشتمان کە سالیکان و ڕێبوارانن، لە ڕێگای زانستی حەقیقەتەوە دەبێت، کە ئەویش تەوحید و یەکتاپەرستییە لە جیهانی لاهوت دا، ئەمەش کاتێکە، کە جەستە دەخەوێت و دڵ ئەو دەرفەتەی دەستدەکەوێت، کە بچێتە بۆ نیشتمانی بنەڕەتی خۆی.(الجیلانی، 1994، ص 51)

## دووەم: نواندنی یەکتاپەرستی، لە ڕێی زاراوەی دیکەوە

### 1: هو، دوایەمین گەواهیدانی وەحدانییەت

شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵسی تاڵەبانی دەفەرموێت، هەموو دنیا وشەیە، بە هەموویشی مانای ئەو (هو) دەدەن، لەم مەدرەسەی ئێمە دا کە تەسەوفە، هەر ئەم وانەیە دەخوێنرێت و شەرح دەکرێت و ڕێی سلووك و قوتابخانەی تەسەوف بە هەموو پۆل و لق و بەشەکانییەوە، بە هەموو زانست و ماریفەت و کردەوە و کاریانەوە، شیکاریکردنی وشە و ماناکەین.(خالصی، 1373، ص 64)

**گـر بیای بـه تـماشـاگه ویـرانــه مــا     بینی از نیست معمر شده کاشانه ما**

**همه عـالـم کلمات اند، بـود معنی هو     درس اینست درین مکتب شاهانه ما**

لای هەندێکی دیکە لە سۆفییەکان، هەموو ڕاز و زانستەکانی گەردوون لە ناو (الم) دا دەبینن، ئەلیف سەرەتاکانە و میم کۆتاییەکان، لامیش نێوانگرە، بەڵام لە ناو ئەویش دا هەموو شت وابەستەی ئەلفە، هەموو پیتەکانی دیکەش باری گۆڕاوی ئەلفن، ئەلفیش ئاماژەیە بۆ ناوی هەرەمەزنی خودا کە "الله". لە ناو ئەڵاشدا "هـ" کە بە "هو" دەردەبڕێت، پوختەی سیڕ و ڕازی جیهانە.(همدانی،1398، ص 180). هو سەر بەو ئایەتانەیە کە خودا لە بارەی تاقانەیی خۆییەوە فەرموویەتی، بە هەردوو شێوەی (لا اله الا الله) و (لا اله الا هو) وەحدانییەتی خۆی بۆ مرۆڤان ڕادەگەیەنێت و دەفەرموێت: ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلحَيُّ ٱلقَيُّومُ واتە: غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێت. هەر ئەو هەمیشە زیندووە و بەسەر هەموو شت ڕادەگا.(البقره، 255) لە قورئانی پیرزۆ دا شایەت و گەواهیدان لەسەر بڕوا و ئیمان زیاتر بە شێوەی(لا اله الا هو) هاتووە، وەك لە (لا اله الا الله). (نصر، 1399،ص 440). هووە لای ئەهلی تەسەوف ماناکەی خوێندنەوەی قوڵی جوانیناسیانەی بۆکراوە، بە تەماشاکردن لە پێکهاتەی دەنگسازی و وشەسازی و واتاسازی. هوە وشەکەیە، کە ئاماژەیە بۆ سەرووی بوونی خودا، خۆی نە ناوە نە ئاوەڵناو، بەڵکو لە ناو ئاژەی زیاتر تێدایە و لە سەروو ناوەوەیە، لە ئاوەڵناو زیاتر خواستن و درکەی تێدایە و لەسەروو ئاوەڵناووەوەیە. بەم وشەی ئاماژەیە، هووە ئاماژەیەکە کە بوونی تێدایە و باسکردنی نەبوون تێدا مەحاڵە. بە گۆکردنی هوە، بیسەر دەزانێت کە هەیە و مەوجودە، لەگەڵیشیدا نەبوون پوچەڵ دەکاتەوە. لە ڕووی پێکهاتە و شێوەی دروستبوونی دەنگەکانییەوە، لە دوو پیت پێکهاتووە، دەربڕینی (ه) لە قوڵایی و ئەوپەڕی گەرووووەوەیە، دەربڕینی (و) لەسەرەتای زار و لێوەکانەوەیە. بە دەربڕینی هو الله، کە دوارت لای سۆفییەکان هەر هووەکە دەمێنێتەوە، شایەتی دانە لەسەر ئەوەی کە ئەفرێنەری بونەوەرانە و سەرەتا خۆیەتی، گەرانەوەی بونەوەران و حادیسانیش هەر بۆ لای خۆیەتی، کۆتایی پێهینەرە هەر خۆیەتی، بەلام خۆی نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی، ئەوەڵە بێ سەرەتا، ئاخرە بێ کۆتایی.(میبدی، 1371، ج1، ص 790). جوانیناسی مانای ئەوەڵ و ئاخریان لە گۆکردنی پیتی هێ و واوە دەرهێناوە. سەرەتا و کۆتایی، ئەزەل و ئەبەد، زاهیر و باتن، دەروون و بیروون. چونکە دوو پیتەکە سەر بە دو دەربڕینی جیاوازی دەزگای گۆکردنن، ئەمانەش ڕێکەوت و لە خۆوە نییە، بەڵکو ئاماژەی خوداین و جوانناس دەبێت پەی بەو ڕەمز و ڕازانەی زمانەوانی دەبڕینەکانی خودا ببات.

غەزەلەکەی سافی هیرانی، ڕەدیفی یاهوو بونیاد نراوە، گەلێك دەروێشانە پەیامەکەی ڕووەوە و خودایە، بەو جۆرەی کە یاهو زکری قادرییەکانە، یەکێکە لە حەوت زیکرەکەی کە ڕێبواری ڕێبازی قادری لە پاکژکردنەوەی حەوت نەفسەکەیدا دەیخوێنن، جگە لەوەی بە زیکری عەسرانەوە ناسراوە و دەمی عەسر موریدان بە شێوەی زکری ئاشکرا و جەهر دەیڵێنەوە.

**پی آباد این دیر فـنا ویـران شـدم یاهو**

**پی دانای این کان جفا نادان شدم یاهو**

وەرگێڕانی بەیتەکە: یاهوو، لەبۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم دنیا مەرگاوەرە، وێران بووم. لە بۆ دۆزینەوەی دانای ئەم کان و گەنجینەی پڕ لە جەفایە، نادان و نەزان کەوتووم، یاهوو.

ئەم بەیتە سەر بەو ئایەتانەی قورئانە کە باس لە وەحدانییەتی خودا دەکەن، دووپاتکردنەوەی ئەرکی ئادەمییە لەسەر ئەم هەسارە دا ، ((يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا)) واتە: ((گوتی، گەلۆ! هەر خودای تاك بپەرستن؛ ئێوە بەغەیری ئەو خودایەکتان نییە؛ ئەو لەم خاکەی وەدی هێنان و ویستی ئاوەدانی بکەن))(هود، 61) خودا ئادەمی نارد وەك جێنشینی خۆی بۆ سەرزەوی، تا ئاوەدانی بکاتەوە، ئادەمیزاد بەردەوام پەیامەکەی بیردەچێتەوە بۆ نێراوە، تا خودا هەر جارەی بە پەیامبەرێکدا پەیامەکەی بۆ ناردوونەتەوە. لێرەدا سافی هیرانی ئاماژە بەمە نادات، دەقئاوێزانی ئایەتە قورئانییەکەش ناکات، بەڵکو ڕازوونیاز لەگەڵ خودادەکات، بە بەکارهێنانی کۆدگەلێك، تاکو خودا پەیامەکەی لێوەربگرێت، کە ئەمە لە یەکتاپەرستی و سۆزی دڵییەوەیە لەوپەڕی ئەوینەوە،

ئەی تەنها هەبوو، کە ناوەکەت نیشانەی وەحدانییەتی دەروێشانەیە، لەبۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم دنیایە ناردمت، کە لە جەوهەردا دنیاش مەرگاوەرە و سەر بە نیستی و نەبوون و تەواوبوونە، دنیاکە لەسەر فەرمایشتی خۆت ئاوەدان بوویەوە، ئێمە ئێستا لەوێین. بەڵام من خۆم ویران بوو، یا هوو. وێرانبوونەکەی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مرۆ بەر لە چوونە ناو قاڵب و زیندانی جەستەوە، سەر بە جیهانی مەلەکووت بوو، سەر بە هەستی و بوون و پایەداری بوو. بۆیە دەروێشانی ئەویندار، گلەیی و ناز دەکەن لە ساحێبی ئەوینەکەیان، ئێمە خۆمان سەر بە هەتاهەتایی بووین، بۆچی بەهۆی خەلقەوە لە خۆتت دابڕین، نازانی بۆ ئەویندارانت ئەمە ئەوپەڕی وێرانییە؟ لە بەیتی دووەمدا وەیادخەرەوە ئەو فەرمایشتە قودسییەیە کە دەفەرموێت: من گەنجینەی شاراوە بووم، ئادەمیم دروست کرد، تا بمناسن. سافی دەڵێت: لە بۆ دۆزینەوەی ئەو دانایەی کە ئەم گەنجینەی خۆیی بە شاراوەیی دانا، ئەمەش جەفا و سوێیە بۆ ئەویندارن، لە بری دۆزینەوەی تۆ، خەریکە دەکەومە ناو نەزانینەوە، چونکە تۆ خۆت دانا و زانای ئەزەلی و ئەبەدیت، چلۆن تۆ بە مرۆ دێتە کەشفکردن و زانین؟

**ولی چون بود و نابودم شئون کائنات از توست**

**ازین با نیک و بد هم یار و هم اخوان شدم یاهو**

واتە: وەلێ چونکە، بوون و نەبوونم، کاروباری جیهانیان هەر لە تۆوەیە، بوومە یار و دەستەبرای باشەکان و خراپەکانیش، یاهوو. لێرەدا هەردوو زاراوەی (بود و نابود) بە مانای بوون و نەبوون دێت و لە مانا فەلسەفییەکەشی دا چەمکی "کەون و فەساد"ە. کە جیهانی درووستبوون و تیاچوونە و مەبەست لەم جیهانەیە. بوون و نەبوونم وەك مرۆ، جیهانی کائیناتیش بە درووستبوون و تیاچوونییەوە، دیسانەوە سەر بە ئیرادە و توانای تۆین، بۆیە من بوومە هاودەمی چاکە و خراپە. چونکە مرۆڤ بونەوەرێکە ئەفرینراوی خودا، جیا لە فریشتەکان، لە سرشتدا چاکە و خراپەی هەیە، بژاردەشی هەیە بۆ پەیڕەوی کردنی هەر کامیان بیەوێت.

**ز روز اولـم آمیختی با آب و گــل و هر چیز**

**دگر نه عیب ار زاهد و گر رهبان شدم یاهو**

لە ڕۆژی ئەزەلەوە، منت ئاوێتە کرد لەگەڵ ئاو و گڵ و هەر شتێکی دیکەدا، ئیدی هیچ عەیبەیەك لەسەر شانی من نییە، ئەگەر ببمە زاهید، یا ببمە ڕاهیب.

گیانە لاهووتییەکە، تێکەڵکرا بە جەستەیەك کە لە گڵ و ئاو درووست بووە، لە پایەداری و گۆڕانکاری کە سیفەتی ئاو و گڵن، دوایش دەروون و نەفسی بۆ زیادبوو، ئەم بونەوەرە نیمچە لاهوتی و نیمچە ناسوتییە، کە هەم ڕۆحی هەیە هەم جەستە، هەم ڕووناکی هەم تاریکی، هەم گۆڕانی هەیە هەم پایەداری و پڕە لە دژەکان، ئەفرینەر خۆی وەهای مەبەست بووە وا خەلقی بکات، بۆیە جێی نیگەرانی و تانەلێدان نییە، ئەگەر ببم بە زاهید یان ڕەهبان، پێکهاتەکەم بوویەکی جوڵاوی فرەچەشنە.

مانای زاهید و ڕاهیب، بە پێی بەیتێکی دیکەی سافی لە غەزەلی (عشق است) دا ئەوەیە کە لە ڕەواڵەتدا زاهید خوداناسە و ڕاهیب کافر، بەڵام لە بنەڕەتدا پێچەوانەیە، چونکە زاهید موشریکە، بەڵام سەرقاڵی شیرکی شاراوەیە. زوهەدەکەت شیرکی شاراوەیە، بەڵام کوفرەکەی من بێگەردی و تەنزیهە و خودا وەك ڕەحمەت پێیداوم، ڕووناکی پرشنگانەوەی وەحدەتە، ئەمەش عەشقە، دوای ئەمە چی دەبێت با ببێت.

**زهدت خفای شرکت است، کفرم صفای رحمت است**

**نــور ضیای وحدت است، عــشق است هر چه باد باد**

یان

**اگر دانستمی شایان نار دوزخـــم از چیست**

**یکی از ساکنان جــنت الــعدنان شدم یــاهـو**

واتە: ئەگەر زانیم بۆچی شایانی ئاگری دۆزەخم و دەبێت لە دۆزەخ دا بم(کە ئەمە ڕازی پەیبردن بەڕەحمانی و ڕەحیمی خودایە)، ئەوە وەك ئەوەیە یەکێك بم لەوانەی کە نیشتەجێی جەناتی عەدن یاهوو؟ ئەگەر ئادمی هەموو یەك ڕەگەز و یەك توخمن، منیش لە پلەوی خەوف دا ترسم لەوەبوو وەرنەگیرێم، بەشم ئاگری دۆزەخ بێت، ئەی بۆچی نیشتەجێی ناو بەهەشتی تاهەتایی بووم؟ ئەمەش پەیوەندی بەو فەرموودە و ئایەتەوە هەیە کە خودا دەفەرموێت: جێی پاك جگە لە پاکەکان کەسی دیکەی تێناچێت، ان اللّه تعالی طیّب لا یقبل الاّ الطیب. بەهەشتیش جێی پاکانە وەك چۆن خودا خۆی فەرمووی: ((وَ مَساكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ)) (التوبە، 72)واتە: جگە لە پاکان و بڕواداران کەسی دیکە لە خۆ ناگرێت.(میبدی، 1371، ج4، ص 122).

**بجز تــو اول و آخــر بجز تــو ظاهــر و بــاطــن**

**ندانم گرچه زین توحید سرگردان شدم یاهو**

واتە: بێ لە تۆ کەسی دیکە بە ئەوەڵ و ئاخر، بە زاهیر و باتن نازانم، ئەگەرچی لەم تەوحدی و یەکتاپەرستییەدا سەرگەردان بووم، یاهوو.

لای ئەهلی وەحدەت، بیرکردنەوە لە سیفات و ناوەکانی خودا، بەرەو فرەییت دەبات، ئەمەش پێی دەوترێت، کەسرەت لە وەحدەت دا بەو مانایەی ((فرەیی لە تاکی دا، زاراوەیەکە لەگەڵ وەحدەت لە کەسرەت دا دێت، کە تاکییە لە فەرەیی دا. مەبەست لێی زۆری ناوەکانی خودایە، کە سەرپاکیان گوزارشت لە زاتێکی تاقانەی بێ وێنە دەکەن)).(کەسنەزانی/بەرزنجی، 2023، ل 822). سافی لە لایەکەوە هەر خودا دەبینێت، لە لایەکی ترەوە بە هێنانی سیفاتەکانی خۆی بەوە دابنێت، کە سەرگەردانی ناو وەحدەتە، چونکە دەمێ حاڵەکەی دیتی کەسرەتە لە وەحدەت دا دەمێکیش وەحدەت لە کەسرەت دا کە ئەویش بریتییە لە، ((خودای پەروەدەگار لەگەڵ ئەودا کە ناو و سیفاتی کەماڵی زۆرە، بەڵام هێشتا هەر تاکە و فرەیی ئاوێنەکانی بینینی ئەو، نەبووەتە هۆی ئەوەی یەکتا و

واحید نەبێت.)) (هەمان، ل 1010). ئەگەر تۆ یاهوویت بۆ من بۆچی من بۆ ئیسپاتی تاقانەیی تۆ باس لە زاهیر و باتنی تۆ، ئەوەڵ و ئاخری تۆ دەکەم؟ ئەمە سەرگەردانی من نییە ئەی چییە؟

**ز سر کنه موجودت عـوالـم جـمله مـعـدوم است**

**ولیکن ز آن وجود و زین عدم حیران شدم یاهو**

لە ڕاز و نهێنی جەوهەری ئەوەی کە تۆ بوونت پێداوە، هەموو جیهانیان بە هەلاك چوون و نەماون، بەڵام من لەو وجودی مەزنی تۆ و لە ناوجودی جهانیانە، حەیران و داماوم، یاهوو.

**چـو صافی زیـن هیولای صور سـودی نـدیـدم من**

**که بر این نقطه چون پرگار بس دوران شدم یاهو**

هەروەك سافی، هیچ سودێکم لەم شتە مادییە ڕواڵەتیانە نەبینی، وەك پەرگار لە دەوری ئەو خاڵەدا(وجوددا، کەشفکردنی وەحدانییەت دا) هەر دەگەڕێم و دەورانم یاهو. ئەمانەش چەند نموونەیەکی تریش هەیە، کە هەمان بیری مەزراندۆتەووە،

**نـــدانـــم واحـــدی جـز هـــو ز (لا الـه الا هـــو)**

**ز یاهو مقصد من هو، ز هو حیران و مدهوشم**

**به ذکر یاهو میخواهم نجات از تلخی هجــران**

**به غیر از یاهو صافی من دلیل و دستیارم کو؟**

### 2: وەحدەتی وجود، وەحدەتی دین:

یەکتایی بوون، کە پێشتر لە بارەیەوە قسەکراو تێڕوانینێك بۆ سۆفییەکان سەبارەت بە بوون و نەبوون دروست دەکات، لەم بوونەدا جگە لە خودا هیچ بوونێکی تر ڕاستەقینە نییە، بەڵکو وەك بوون خۆیان دەنوێنن، تاکە بووی ڕاستەقینە و دوور لە تیاچوون و مەرگاوەری؛ زاتی یەکتا خۆیەتی. ئەگەر بەم تێڕوانینە گەواهی بۆ یەکتایی ئەو بدرێت، دەبێت هەموو فرەییەکانی دیکەش، نەمێنن. هەتاکو فرەیی ببینرێت، گومان لە تەوحیدی کەسی بڕوادار زیاتر دەبێت. فرەیی لە سیفەتەکانی خودادا، بە مانای جیلوەی ئەو دێن، فرەیی هۆکار و دەستیگر لە ڕێی سلووك دا بۆ قۆناغی سەرەتایە، وەك چۆن فرەیی لە دینەکانیش دا دەبێت بۆ گەیاندنی یەك پەیام بێت، چونکە لە بنەڕەتدا خودا یەك پەیامی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە، هەر جارەی بە ئێراوێکی خۆیدا(ئەمەش پەیوەست دەبێتەوە بە حەقیقەتی محەمەدییەوە لای ئیبن عەرەبی)، بەڵام ئادەمیزاد ئاوێتەی خواستەخودییەکانی خۆی کردووە، پشتی لە پەیامەکە کردووە و ڕاستەقینەکەشی پەردەپۆش کردووە، خوداش جارێکی دی یەکێکی دیکەی بە هەمان پەیامەوە ناردووە. بە پشت بەستن بەم ئایەتە، ((إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلإِسلَٰمُ وَمَا ٱختَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلكِتَٰبَ إِلَّا مِن بَعدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلعِلمُ بَغيَا بَينَهُم وَمَن يَكفُر بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلحِسَابِ)) واتە: لە لای خودا دین ئیسلامە و ئەوانەی ئەهلی کتێبن لەو ڕاستەقینە دەزانن؛ بەڵام هەر لەبەر ئێرەیی پێکنەهاتوون. هەر کەسێکیش "بەهەر جۆرێ" لە نیشانەکانی خودا حاشا بکا، با تێبگەن کە خوا لە لێپرسینەوە زۆر بەلەزە و پێرادەگا.(آل عمران، 19). ئەم ئایەتە تەفسیری جودا هەڵدەگرێت.(میبدی، 1371، ج2، ص 58) لای سۆفییەکان ڕاڤەکەی هەم ڕواڵەتییەکەیە، هەم دەروونییەکەیە. ڕاڤەی ڕواڵەتی ئەوەیە کە دینی ئیسلام دینی خودایە، ئەمەش بۆ ڕێگری لەوانەی کە بە زار دەڵێن دینەکەیان یەکتاپەرستییە، بەڵام یەکتا ناپەرستن، بۆ ئەوەی بچێتە ناو دینەکەی خوداوە، دانپێدانانە بە زار، ئەوەش پارێزراوی دەکات و بەو زمانە گیانی خۆی دەسەنێتەوە، جا ڕاستەقینە بێت یان نا. دووەمیان دانپێدانانە بە دینەکەدا بەهۆی بڕوای قوڵ و شوێنکەوتنی شەریعەکەتەوە، پابەندبوون بە مانای وەحدانییەتەوە بەو جۆرەی کە لە کتێب و سونەت دا هاتووە. سێیەمیان مانای ئیسلام بە مانای تەسلیم بوون دێت، لای سۆفییەکان ئیسلامبوون لە دوای جێبەجێکردنی ئەو دوانەی پێشووەوەیە. واتە ئیسلامبوون دوای بەزارگووتن و جێبەجێکردنی شەریعەتەکە، سەرسپاردنە، ئەمەش هەموو ئامانجی دینی ئیسلامە، کە هەموو دینەکانی خودا لەبەر ئەمە هاتوون، ئیسلام دینەکانی خودایە، ڕازیبوونە بە حوکمی ئەو، گلەنەکردنە لە جەوری ئەو. ئەوەی کە پێغەمبەر ئیسماعیل کردی و فەرمووی: ((رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ)) واتە: پەروەرێنمان! خۆت وا بکەی هەتا سەر بەر فەرمانت بین.(البقرة، 128).

عارفان پێیان وایە، لە بنەڕەتدا هەموو دینەکان یەکێکن، خوداش یەك پەیامی هەیە، ئیدی ئەوەی فرەیی دینەکان دەبینێت، ئەو کەسەیە کە نەگەیشتۆتە یەکتاپەرستی ڕەها. لەم بارەیەوە ئیبن عەرەبی دەڵێت:

**لقد صار قلبي قابلاً كل صورة فمرعىً لغزلانٍ، ودير لرهبانِ**

**وبيتٌ لأوثـانٍ، وكعــبة طائفٍ وألواح توراةٍ، ومصحف قرآنِ**

**أدين بدين الحب أنَّى توجهتْ ركــائبه، فالحــب ديني وإيمان**

دڵم وەهای لێهاتووە، هەموو شێوەیەك پەسەند دەكات، بۆتە لەوەڕگای مامزان و دەیری ڕاهیبان، بۆتە ماڵی بتان، کەعبەی تەوافکەران، لەوحەکانی تەورات و مەسحەفی قورئان. خۆشەویستی ڕووەو هەر کوێ بڕوات، من شوێنی دەکەوم، چونکە خۆشەویستی دین و ئیمانی منە. بە پێی ڕاڤەکەی نیکلسۆن، کاتێك ئیبن عەرەبی دەڵێت: دڵم هەموو جۆرە وێنەیەك وەردەگرێت، دڵ هەموو هاتوویەك وەردەگرێت، دەیخاتە ژێر کاریگەری خۆیە، هەر بۆیەش مانایەکی دڵ لە زمانی عەرەبی دا(قلب، تقلب) هەڵگەڕانەوەیە، ئەم حاڵ گۆڕانەش حاڵی سۆفییەکانە، جۆراوجۆری حاڵ پەیوەستە بە جۆراوجۆری دەرکەوتەو تەجەلیاتی خوداوە، کە بە شێوەی گەڕان بە ناو دەرکەوتە و دیاردە دەروونییەکاندا دروست دەبێت.(ابن عربی،1397، ص 99). ئەم هاتوانە دواجار سالیك ناخەنە ناو پەتبازی گۆڕانە زۆرەکانەوە، بەڵکو دەیگەیەنن بەوەی کە ئەم هەموو فرەییە، سەرچاوەیەکی یەکتا-یە، کە زاتی ئەحەدییەتە، من شوێن فرەییەکان ناکەوم کە هەم ئاین و مەزهەبەکان، هەم گروپە جیاکان دەگرێتەوە، شوێن ئەوین دەکەوم، ئەوین ئیمانی ڕاستەقینەی منە. ئەمە کە وا دەکات سافی هیرانی وەك دەروێشێکی سەودازەدەی، سەرپەتیانەی ناو تەریقەتی قادری بڵێت:

**مــن رند و نـظربازم و، دلـداده ســاقـی**

**خود کار نداریم به هیچ آیین و مذهب**

واتە: ئێمە ڕەند و مەیخۆر و قەلەندەرین و دڵمان بە ساقی داوە، کارمان بە کاری هیچ ئاین و ئاینزایەکەوە نییە. ئەگەر بە بۆ چوونەکەی ئیبن عەرەبی، مانای بەیتەکە تەواو کەین، دەوترێت: چونکە ئێمە ئاین و مەزهەبەکەمان، ئاینی خۆشەویستییە. لە ئاینی خۆشەویستیش دا نەزەربازی و ڕەندی هەیە، کە تەماشای هەر شتێك بکات لە سونعی خودایی، سونعەکە نابینێت، بەڵکو سیفاتە خوداییەکان دەبینێت، لە ئیرادە و توانا و هێزی دا، بۆیە هەقی هیچ ئاین و مەزهەبێکمان نییە، چونکە مەزهەبی خۆمانمان هەیە کە خۆشەویستییە. بەیتی دوای ئەوە ماناکەی تەواو دەکات، ئەوانەی سەر بە ئاینی خۆشەویستین کە وەحدانییەتی ڕەهایە، ئەوانەن کە لە مانای ڕواڵەتی دین تێپەڕیان کردووە:

**نە ترس من از دوزخ و نە خواهش جنت**

**سـرگـشــتـە یـاریـم بـە او داشــتـە مــطـلـب**

ئەم بەیتە، تەنها پەیامی سافی هیرانی نییە، بەڵکو پەیامی هەموو قوتابخانە جیاوازەکانی تەسەوفە، هەر لە شێخ حەسەنی بەسرییەوە، تا شێخ جونەیدی بەغدادی و بایەزی بەستامی و لای ڕابیعەی عەدەویش دەگاتە لوتکە. لە کاتێکدا بڕواداری ئاسایی مافی خۆیەتی لە ناو بازنەی پاداشت و سزادا، پەرستش بکات و چاوەڕوانی هەبێت. بەڵام کەسێك کە دینەکەی تەنها خۆشەویستی بێت، مامەڵەکەی لەگەڵ خودادا بۆ بەهەشت نییە، بەڵکو خاوەنی بەهەشتەکەیە. دینی سافی هیرانی وەك شێخانی پێشەوای خۆی، ئیبن عەرەبی و حەزرەتی غەوس پشت لە بەهەشت کردنە، سافی دەیان غەزەلی هەیە کە ڕووە و ئاستانەی پیرەکەی خۆی هۆنیوەیەتییەوە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانییە. ئەو شێخەی کە دیوانەکەی فارسییە و لە یەکێك لە غەزەلەکانی دا شۆڕشێکی عاشقانە دەکات و دەست دەداتە تەڵاقدانی حۆرییەکانی بەهەشت و وێرانکردنی بەهەشت، چونکە پەرستش و ڕەنجی سالیکانەی ئەو خۆ بۆ بەهەشت نەبووە. (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، ل 422) لەسەر ئەو دینە سافی دینی خۆی بە ئاشکرا نیشان دەدات:

**"صافی" گر پرسند از تو عشق چیست؟**

**تو بگـو ایـمـان و دیـن و مـذهـب است**

سافی ئەگەر لێیان پرسیت، عەشق چییە؟ تۆ لە وەڵامدا بڵێ، ئیمان و دین و مەزهەبە. کەواتە ئاینی سافی هیرانی وەك پیرانی دیکەی تەریقەت خۆشەویستییە. نەك هیچ دەستکەوتێکی تر، دەستکەوتی عاشقیش لە دینەکەیدا، خودی مەعشوق خۆیەتی، بەرەکەت و نەزەر و ویساڵییەتی، ڕەزا و قبوڵکردنییەتی لە ئاستەکەی خۆیدا. بۆیە لەبری بانگی ئەنەلحەق، ئەنالعاشق دەڵێت: چونکە دینەکەی عەشقە و خۆشی دینداریيەکەی عاشقییە، هەمووشی لە پێناوی مەعشوق دایە کە خودایە، ((اگر صافی انا العاشق بگوید، مکن عیبش کە سر در پای دار است)).

لە پلەی دووەمی وەحدانییەت دا، وەك پێشتر باسکرا، سالیك هەموو شت دەبەستێتەوە بە ویستی خوداوە، بە جۆرێك کە ئیختیاری و بژاردە لە دەست دەدات، بوون و نەبوونی، باش و خراپی، هەستان و دانیشتنی دەگەڕێنێتەوە بۆ ویست و ئیرادەی

خودا، سالیك لەم مەقامەدا بە شێوەیەکی کاتی دەمێنتەوە، چونکە ئەگەر بەردەوام بێت، دەبێت بە جەبری. سافی هیرانی غەزەلێکی هەیە، نیشاندەری ئەم مەقامەی وەحدانییەتیە و دەڵێت: بەختەوەری بەهۆی دنیانەویستی و زوهدەوە نییە، بەدبەختیش بەهۆی تاوان و گوناهبارییەوە نییە، چونکە چاك و خراپ هەمووی لە توانای مەولاوە دەرکەوتن و ئیرادەی ئەون. کەوابێت نە دنیانەویستم دەبیتە هۆی چونە بەهەشت، نە ناپاکیشم دەبێتە هۆی چوونە دۆزەخ، چونکە ئەگەر دیداری یار نەبێت، لە بەهەشتیش دا بم دۆزەخە، وەك چۆن پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەگەر لە دۆزەخیش دابم، بەڵام یار ببینم وەك ئەوەیە لە بەهەشتدا بم، کەوایە بنەڕەتی بەهەشت و دۆزەخ ئەو ڕواڵەتە نییە، بەڵکو وەسڵ و فیراقی یارە.

**سعادت خود نه از زهد و شقاوت نه ز عصیانست**

**کــه نیک و بــد هــمـه ظـاهــر شــده در قــدرت مــولا**

**نـه زهـدم بـاعث جنـت نه فسقم مــوجـب نــارست**

**کــه بی دیـــدار ســاقــی جــنــتــم دوزخ بــود زیــرا**

لە شابەیتی نیشاندانی ئەوین و سەلماندنی وەحدانییەتی خۆی، دەڵێت: من کە پەرستش، چلەکێشی، شەوبێداری و ڕۆژ نەخۆیی دەکەم، پشتم لە دنیا کردووە، بۆ ئەوە نییە لە ڕۆژی پەسڵاندا دنیایەکی دیکەم پێبدەن؛ کە من خۆم لێرە پشتم تێکردووە! ئەمەش ڕووتبەیەکە با بدرێت بە زاهیدەکان کە لەبەر ئەوە خودا دەپەرستن و مافی خۆیانە. بەڵام خودایە، توو حەقی ئەوینم، با ئەوە پاداشتی من نەبێت، لەگەڵ سەگ و گوێدرێژ دا دانیشتم و سەرقاڵی خۆشی بەهەشت بم.

**ازیــن طــاعــت نخــواهـــم رتـــبه زهـــاد در جــنـــت**

**که چـون ایشان مبــادا با خر و سگ بــاشدم همتا**

دیارە ئەم بەیتە ئاماژەیە بۆ لوتفی خودا، ئەوەی کە خودا ئادەمیزاد دەخاتە بەهەشتەوە بەهۆی پەرستشی خۆیانەوە نییە، بەڵکو بەهۆی لوتفی خۆیەوەیەتی، خۆ ئەگەر ئادەمی بڵێ بەهۆی چاکەکاریمەوە، ئەوە چاکەکار و تایبەتبوون بۆ ئاژەڵانیش هەیە، وەك چۆن خودا وادەی چوونە بە هەشتی بە سەگەکەی ئەسحابی کەهف ، لەگەڵ گوێدرێژەکەی بەلعەمی باعورا دا.

مەولانا جەلالەدینی بەلْخی، جیاوازی دینەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕواڵەتگەرایی، ئەگەر کەسێك ڕواڵەت و ڕوانینی دەرەکی تێپەڕاندبێت، لەسەروو بەشەکانەوە، گشت ببینێت، لەسەروو ڕووکەشەوە، کاکڵە ببینێت، یەکە بچووکەکان تێدەپەڕێنێت و تەماشای خودی یەکە مەزنەکە دەکات بۆیە وشەی "کرۆکی بوون" یان کاکڵە و ناواخنی بوون بەکاردێنێت بۆ کەسێك کەتێگەیشتو و پێگەیشتوو بێت. پاشان چیرۆکی ناکۆکیی لەسەر شێوەی فیل باس دەکات، کە چیرۆکێکی ڕەمزییە و لای سەنایی غەزنەوی و ئیمامی غەزالیش هاتووە، کاتێك لە تاریکیدا دەست لە فیل بدەیت و بە چاونەیبینێت، هەر کەسەی دەستی بەر چ پارچەیە کەوت لەسەر ئەو بنەمایە وەسفی فیل دەکات. ئەمەش جیایە لەو کەسەی هەموو فیلکە لە ڕووناکی دا ببینێت. (نیکلسون، 1389، ص 1106)

**ازنظرگاه است اي مغز وجود**

**اختلاف مومن و گبر و جـهود**

لە دوو بەیتی دیکەدا، سافی هیرانی بیرۆکەی یەکبوونی دینەکان بە جۆرێکی دیکە دادەڕێژێت، دەڵێت: ئەگەر مەردووم پەرستگاکانیان جا هەر دینێکی یەکتاپەرستی بێت (مزگەوت، کەنیشت، کەنیسە) لەبەر یار دروستکردووە و دەیانەوێت یادی ئەوی تێدا بکەنەوە، ئەگەر دروستکردنی مەیخانە لەبەر یادکردنەوەی یاری زەمینییە.[1] ئەوا هیچ جیاوازییەك لە نێوان یەکتاپەرستی و فرەپەرستێکدا نییە. چونکە لە ڕواڵەتدا کۆششەکە بۆ یارە. دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینەی کە لە تەسەوف دا هەیە، یاری مەجازیش بۆ کەسی تێگەیشتوو، دیسان ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە یاری تاقانە، بتپەرستیکیش چەندێك خۆی پێی وابێت، بتەکەی دەپەرستێت، بەڵام لە مانا گشتییەکەی دا بێ لە خوا کەسی تری نەپرستووە، تەنها ئەوەیە ئەو لە قۆناغی فرەییدایە و نەگەیشتووە بە وەحدەت. لە لایەکی ترەوە لە فەرهەنگی زاراوەناسی سۆفیزم سەنەم و بت لە عیرفاندا ((بە مانای مەزهەری خودا دێت، هەروەها بە مانای هەر شتێك بەندە لە خودا دووربخاتەوە. عارفان بتیش دیسانەوە بە سیفەتی خودایی لەقەڵەم دەدەن، چونکە بوتپەرستان لە بت دەپاڕێنەوە، کەچی خودا نزاکەیان گیرا دەکات)).(کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، ل 682)

**مقصد از معبده و میکده گر یار بود**

**چه تفاوت کند اسلامی و اصنامی را؟**

[1] مەیخانە دیسانەوە لە فەرهەنگی زاراوەی سۆفیزم دا جێی زیکرە، لێرەدا ئەو مانایەی باس ناکەین.

### 3: هەزار جیلوە و یەك جیلوەگەر

جیلوە یان تەجەللا لە زمان دا بە مانای دەرەوشانەوە، شکۆ، دەرکەوتن و نواندن دێت. لە زاراوەناسی تەسەوف دا مەبەست لێی دەرکەوتنی نووری خودایە، کە لە دڵی عارف دا پرشنگ دەدات، توشی جەزبەگرتن و بێهۆشیی دەکات. کاتێك پرتەوی ئەو نوورە بدات لە دڵی سالیکی تازە گەیشتوو، بەرگەی ناگرێت و دەکەوێتە ئاهـ و ناڵە و گریان و بێحاڵی. (هەمان، ل 357) بە مانایەکی تر، واتە دەرکەوتنەکانی خودا جا دەکرێت ئەمە بەشێوەی تەجەلای یەکەم بێت کە، بریتییە لە دەرکەوتنی زاتی خودا بۆ خۆی، کە ئەویش لە حەزرەتی یەکتایی دایە، کە نە وەسفی تێدایە، نە نیشانە، چونکە تەنها زات هەر خۆی هەیە، یەکبوونەکەشی هەر خودی خۆیەتی و لە خۆی جیا نییە. لەبەر ئەوەی هەرچی غەیری وجودە، بێجگە لە خوا ئەگەر حسابی بوونی بکەین، لە نەبوونی ڕەهادایە.

یان دەکریت بە شێوەی تەجەلای دووەم بێت کە، بریتییە لەو دەرکەوتنەی کە سەرچاوەکەی سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودا، لە ئەنجامی ئەم تەجەلایەدا، ئەفرێنراوەکان دروست دەبن، خودا لە تەجەلای زاتی دا کە بە ئەقدەس و یەکەمیش ناسراوە، دەبێت بەهۆی بوونی هەبووە جێگیرەکان (ئەعیانی سابیتە) بەڵام لە تەجەلای دووەم دا سیفەتەکانی دەبن بە هۆی دروستبوونی گەردوون و هەموو دروستکراوان. دەشکرێت بە شێوەی تەجەلای جەلالی و شهوودی بێت یەکەمیان بە مانای دەرکەوتنی واتە دەرکەوتنی سیفەتی شکۆمەندی و گەورەیی و دەسەڵاتی قەهری خودایە لە گەردوون دا، بۆ نموونە لە دیاردە سروشتییەکانی وەك بومەلەرزە و بورکان دا. شهودیش بە مانای دەرکەوتنی بینین، بریتییە لە دەرکەوتنی ئەو بوونەی کە هەیە و ناونراوە، ڕووناکی. کە ئەویش دەرکەوتنی خودایە بە شێوەی ناوەکانی، لەو گەردوونانەدا کە لە ناوەکانی ئەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم دەرکەوتنەش هەمان هەناسەی ڕەحمانە کە هەموو شتێکی پێ پەیدادەبێت.(کاشانی، 1999، ص 173)

کاتێك ئەهلی تەسەوف باسی تەجەلا و جیلوەی خودایی دەکەن، بەو جۆرەیە کە ئەوان تەماشای هەمووی دەکەن، بەڵام دڵ نادەن بە جیلوەکە، چونکە ئەوە هۆکارە بۆ بینینی جیلوەگەر، مادەم جیلوەگەر یەکە، با جلیوە هەزاران هەزار بێت، ئەوان ناکەونە داوی. لەم بارەیەوە سافی دەڵێت:

**مـن کـه فــرقی نـکـنـم مـعـبده و میــکـده را**

**چـو تو خواهیم ز هـر جایــگـه و هر خانــه**

**"صافی"ا جلوه اگر در دو جهان بسیارست**

**لیک خــود جلــوه‌گــری نیست بجــز جانــانــه**

واتە: من جیاوازی ناکەم لە نێوان پەرستگە و مەیخانەدا، چونکە لە هەرکامیان بین، هەر تۆمان دەوێت، سافی ئەگەر دەرکەوتەکانی خودا لە هەردوو جیهاندا فرەن، خۆ بێ لە یەك جیلوەگەر کە گیانی گیانانە نییە. هەندێك جار جیلوەکان لە ڕووی جوان و سیما دا دەبینن، کە ڕەنگدانەوەی سیفەت و ناوی خودا، لەوانی تردا دەردەکەوێت، چونکە خودا خۆی فەرموویەتی ئادەمیزادم لە باشترین شێوە دروست کردووە، بۆیە هەموو جوان بینێك داڵغەی سۆفی بە ڕواڵەتی کەسەکەوە مژۆڵ ناکات، بەڵکو دەچێتەوە بۆ سەرچاوەی جوانییەکە کە خودایە:

**رونق رخسار او در روی خوبان داده تاب**

**خــانــه صبر دل عــشاق زیـن گشـته خــراب**

**شعله مهــر جمــالش گــر بــه گردون افکـند**

**از خجــالــت رو بــپوشانــند مــاه و آفـــتاب**

**در حــــجاب آوردن رخسار دانم سر چیست**

**تـا چـــو محی الدین نگویند راز از أم الکتاب**

ئەگەر بڕوانینە بەیتەکانی پێش دوا بەیت، لە بارەی جوانی ئادەمیزاد و کەونەوە دەدوێت، و ئاماژە بە تەجەلای جەمالی دەدات واتە: ((دەرکەوتنی سیفەتە جوانەکانی خودا لە گەردوون دا، بۆ نموونە، دەرکەوتنی جوانکاری و لوتف و میهر و سۆزی خودا لە دیمەنەکانی سرووشت و بەهار و باخ دا)). (کاشانی، 1999، ص 173) بەڵام دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دەزانم نهێنی لە حیجابەوە پێچانی ڕوخسارت لەبەر چییە، تا کەسی دیکە وەك موحییەدینی ڕازەکانی ئومی کتێب نەدرکێنێت. حیجاب بە چەند مانایەك دێت، مانایەکیان جیلوەکانی خودایە، کە ئاماژەن بۆ زاتی ئەو، بەڵام ئەو نین، مرۆ دەبێت یەك بەیەکی ئەوانە تێپەڕێنێت بۆ ئەوەی زاتی خودا درك بکات، لە لایەکی دیکەوە، ئەوەی دەبیتە حیجاب نەفسەکانی مرۆڤ خۆیەتی، دەبێت سالیك لە هەموو ئەو پەردانە گیانی خۆی داماڵێت تا بکات بە حەقیقەت، لەم بارەیەوە فەخرەدینی عێراقی، لە بارەی حیجابەکانەوە دەڵێت: مەحبووب هەفتا هەزار

پەردەی لە رووناکی و تاریکی لەبەر ئەوە دانا تاوەکو موحیبەکەی خۆی بانگ بکات و لەو دیو پەردەی شتەکانەوە ببینێت، تاوەکو دیدە ئاشنا بێت بەو بینە و عەشق زنجیرەی شەوق بجولێنت، بە هاوکاری عەشق و هێزی شەوق پەردەکان یەك بە یەك بکرێنەوە، ئەو کات پرشنگی شکۆی خوداوەندی، غەیری خودا کە نەبووە و تەنها وەهمە بسوتێنێت و ئەو لە بری دانیشێت و هەمووی ببێتە عاشق. ئەم حەفتا هەزار پەردەیەش خودێتی و منێتی ئادەمیزاد پشکی هەیە لە دروستبوونی دا، وەك چۆن پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: "صلاة بسواك خير من سبعين صلاة بغير سواك" واتە: یەك نوێژی بێ تۆیی تۆ، باشترە لە هەفتا نوێژی تۆ تۆیی. چونکە تا خۆت خۆت بیت، هەفتا هەزار پەردە ڕێگرە، کاتێك خۆت بێ خۆت بوویت، ئەم حەفتا هەزار پەردەیە کێ بشارێتەوە و پەردەپۆش بکات؟(عراقی، 1353، ص 25).

ئێستا ئەگەر بچینەوە سەر بەیتەکەی سافی هیرانی لە بارەی تەجەلا و شاردنەوەوە، کاتێك دەڵێت: ئێستا نهێنییەکانی جلیوە جیاکانت دەبینم، کە هەموویان بۆ ڕواڵەتبینان دوورییە لە تۆ، بەڵام بۆ ئەهلی دڵ نزیکبوونەوەیە، دەزانم بۆ هەزاران هەزار پەردە و حیجابت داناوە، بۆ ئەوەی ڕاستەقینەی تۆ بۆ هەموو کەسێك دەرنەکەوێت، مەگەر ئەوەی کە خودێتی خۆیی فڕێدابێت و هەمووی بووبێت بە تۆ. ئەوەیشی گەیشت بەو مەقام و مەرتەبەیە وەك ئیبن عەرەبی وایە، ڕازەکان دەدرکێنێت. ئا لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەو جیاوازییەی کە لە خوێندنەوەی ڕواڵەتی قورئان و خوێندنەوەی ڕاڤەکارانەی سۆفییەکان دا هەیە، ئەوان لە مانای ڕواڵەتی قورئانەوە تێدەپەڕن بۆ مانای قوڵ و ناوەکی، ئەمەش کێشە دروست دەکات لە نیوان ئەهلی تەسەوف و فەقیهەکاندا. وەك چۆن ئەدۆنیس دەڵێت: سۆفی لە ڕوانگەی خوێندنەوە و ڕاڤەوە، لە ڕواڵەتی دەقەوە تێدەپەڕێت بۆ دەروون دەق، لەبەر ئەوەی شەریعەت لەسەر بنەمای ڕواڵەت بونیاد نراوە، لەوەش دەگوزەرێت بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. بەم جۆرە سۆفی دەقی قورئان ڕاڤە دەکات و فەزایەکی بونیاد دەنێت کە ئەم فەزایەی لەبەرگری ئەزموونی تاکەکەسی ئەو بێت، بەم جۆرە پەردە لەسەر کراوەیی دەق و دەوڵەمەندی و سەرڕێژی دەروونیی دەق هەڵدەگرێت. (ادونیس، 1385،ص 200) سافی هیرانی دەڵێت: پەردە لادان لەسەر ڕازی قورئان، تەکفیر کردن و ناوزڕاندن و کوشتنی لێدەکەوێتەوە، بۆیە خودا کەسێك شایستە نەبێت کلیلی ڕازەکانی پێنادات، ئەگەریش پێی دا، نابێت بۆ غەیری بکاتەوە، لێ ئیبن عەرەبی و حەلاجیش وەك چۆن پێشتر لە شەرحی هۆنراوەیەکیدا ئاماژەمان پێدا، ڕازەکانیان درکاند، کە درکاندیشیان دەبێت بەرگەی چەرمەسەری و نارەحەتی ئەوینەکەیان بگرن. لە دوا بەیتی غەزەلەکە دا سافی دەڵێت:

**صافیا چون وصل جانان در پی جان دادنست**

**جان بــده تا بهر تــو از روی بردارد حــجــاب**

واتە: هۆ سافی، مادەم گەیشتن بە جانان کە یارە، بەهۆی گیانبەخشینەوەیە، دە تۆش گیان بدە، تا حیجاب لابدات بۆت. گیان بەخشین، بە دوو پەلەیە لای سۆفییەکان، هەموو سۆفییەك دەبێت پلەی یەکەم ببڕیت، بەڵام تەنها ئەوانەی دەگەنە پلەی کەماڵ پلەی دووەمیش دەبڕن. پلەی یەکەم وەك باسکرا لابردنی داوە نەفسانییەکانە، کوشتنی منێتییە، بەهۆی سلووکەوە سالك لە میانەی تەمەنیدا پێی دەگات، ئەمە پێی دەوترێت مەرگی پێش مەرگ، بەڵام لەسەروو ئەمانەوە عارفگەلێك هەن زووتر دەگەن بەم مەقامە، هەموو پەردەکانیان بۆ لادەچێت، ئەوکات ئەوان لە دوای مەرگی یەکەم، توشی مەرگی دووەمیش دەبنەوە هەر لەڕێی ئەوینەکەیاندا، چونکە یان تەکفیر دەکرێت، یان شەهید، یان دوور دەخرێنەوە یان ڕاوەدنرێن یان بەردباران دەکرێن. سافی لێرەدا دەیەوێت ڕازەکانی وەحدانییەت بدرکێنێت، جیلوەی جوانی خودا نیشان بدات، ئەگەریش سەری دانێت پێی خۆشە، چونکە شاگردی قوتابخانەکەی شێخی مەزن و حەلاجە.

## ئەنجامەکان

سافی هیرانی وەك شاعیرێکی سۆفی و پیرو دەستگیرێکی ڕابەری تەریقەتی قادری، بیری وەحدانییەتی لە غەزەلە فارسییەکاندا مەزراندووە. بە شیکارکردنی شیعرەکانی لە ڕوانگەی فەرهەنگی زاراوەی سۆفیگەرییەوە، بۆمان دەرکەوت کە شوێنکەوتەی سۆفییە مەزنەکانی ناو جیهانی تەسەوفە، بەو پەڕی وردیەوە ئاگاداری تیۆرەکانی ئیبن عەرەبی و شەتەحاتەکانی مەنسووری حەلاج و چەمکە گرنگەکانی ناو ئەو جیهانە ڕۆحانییەیە، کە سەرەکیترینیان چەمکی وەحدانییەتە و سیری وەحدەتی بەستۆتەوە بە شێخی ئەکبەر و مەنسووری حەلاجەوە، چونکە ئەوان هەر یەکەیان بە جیا قوتابخانەیەکی وەحدەت بوون. هەر بۆیە لە زۆربەی غەزەلەکانیدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە پەنهانی و لە توێی زاراوەی دیکەدا، جەخت لە یەکتاپەرستیی سۆفییانە دەکات، کە بەریبوونە لە هەوای نەفس و دەستبەردابوونی هەردوو جیهانە لە پێناو پەروەردەگاری یەکتا دا. سافی هیرانی وەحدانییەت لە جێهێشتنی تویکڵ و ڕواڵەت دا دەبینێت، یەکتاپەرستی لە ڕوانەنینە کرۆك دا، چەشنی سۆفییەکانی پێش خۆی، ئاین و ئاینزای خۆی بە عەشق دەزانێت و

پێی وایە بۆ ئەوەی توشی شیرکی شاراوە نەبین، دەبێت دەستبەرداری فرەیی ببین و بە تاقی تەنها چاو لە زاتی حەق ببڕین. دەستکەوتی عاشقیش لە دینەکەیدا، خودی مەعشوق خۆیەتی، بەرەکەت و نەزەر و ویساڵییەتی، ڕەزا و قبوڵکردنییەتی لە ئاستەکەی خۆیدا. بۆیە لەبری بانگی ئەنەلحەق، ئەنالعاشق دەڵێت: چونکە دینەکەی عەشقە و خۆشی دینداریەکەی عاشقییە، هەمووشی لە پێناوی مەعشوق دایە کە خودایە.

مەزراندنی بیرۆکەی وەحدانییەت لای هیرانی بە شێوەی لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوەیە، ڕەهەندێکیان ڕاستەوخۆ بەهۆی زاراوەی وەحدەت و تەوحیدەوەیە، زاراوەکە بە شێوەی لێکدراو دەهێنێتەوە وەك، بەزمی وەحدەت، دەرگا وەحدەت، نووری وەحدەت، سیرڕی وەحدەت.. هتد. ڕەهەندێکی تری دەرخستنی تەوحید بەهۆی زاراوەکەوە نییە، بەڵکو بیرەکە بە زاراوە و چەمکی دیکە دەردەبڕێت، لە ناو وێنەی هونەری و زمانی شیعری و ئاماژە و وشە توێکڵدار دا پەیی پێدەبرێت.


**سەرچاوەکان:**

- قورئانی پیرۆز، وەرگێڕانی هەژار موکریانی.
- دەستنووس، دیوانی غەزەلیاتی فارسی سافی هیرانی، نوسخەی سکانکراو، وەرگیراو لە هانا کاکی هیرانی.

**کوردییەکان:**

- بەرزنجی، سەباح( 2018) شەرحی گوڵشەنی ڕاز، شێخ مەحموود شەبستەری، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- حسێن، جەمال(2023) ئاینی خۆشەویستی ئیبین عەرەبی، کتێبی چوارەم، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
- سوهرەوەردی(2022) دە مرواری دەریای ئەزەل، هاوژین مەلا ئەمین، ماڵی سوهرەوەردی بۆ لیکۆڵینەوە لە ئایین و ئەفسانە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- غەزالی، ئیمام ئەبوحامید محەمەد(1388) کیمیای بەختەوەری، فەخرەدین ئامێدیان، چاپی یەکەم، ناوەندی شەمیم سەنەندەج.
- فاروقی؛ ئیسماعیل (2019) تەوحید ناوەڕۆکی لە هزر و ژیاندا، سەباح بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی، سلێمانی.
- کەسنەزانی، بوشرا- بەرزنجی؛ سەباح (2023) فەرهەنگی پیران، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- مەولەوی (1988) عەقیدەی مرضیە، مەلا عەبدولکەرمی مودەڕیس، مطبعە الخلود، بغداد.
- هیرانی، سافی(2015) دیوانی سافی هیرانی، محەمەدی مەلا مستەفا هیرانی، چاپی دووەم، مەکتەبەی مەحوی.
- هیرانی (2016) دیوانی سافی هیرانی، ئارمان کەرمی، انتشارات ارمان نگار، تهران.

**فارسیەکان:**

- ابن عربی، محی الدین(1397) ترجمان اشواق، شرح از رینولد نیکلسون، ترجمە، گل بابا سعیدی، چاپ دوم، چاپ جامی، تهران.
- ادونیس(1385) تصوف و سورڕئالیسم، حبیب الله عباسی، نشر سخن، چاپ دوم، تهران.
- ارمسترانگ، کرن(1368) خداشناسی از ابراهیم تا کنون، محسن سپهر، چاپ چهارم، نشر مرکز، تهران.
- انصاری، خواجه عبدالله(1375) صد میدان، تصحیح، عبدالحی حبیبی، چاپ اول، دنیای کتاب، تهران.
- اولوداغ، سلیمان(1387) ابن عربی، داوود وفایی، نشر مرکز، چاپ دوم، تهران.
- بقلی شیرازی، روزبهان(1387) شرح شطحات، قاسم میر اخوری، چاپ اول، انتشارات شفیعی، تهران.
- حقیقت، عبدالرفیع(1385) نور العلوم(شیخ ابو حسن خرقانی)، انتشارات بهجت، چاپ هشتم، تهران.
- خالصی، شیخ عبدالرحمن طالبانی(1373) کتاب جزبە عشق، شیخ ملا محمود زنگنە، چاپ چهارم، انتشارات حاج محمود محمدی، سنندج.
- سعدی (1381) کلیات سعدی، محمد علی فروغی، چاپ دهم، نشر محمد، تهران.
- شاه نعمت الله، سید النوردین(1398)، مکتوبات، مجموعة 108 رسالە، محمد رسا. نسخە ویبسایت.
- عراقی، فخرالدین ابراهیم(1353)، رسالە لمعات و رسالە اصطلاحات، چاپ اول، انتشارات خانقاە نعمت الله الهی.
- قائم پناە، یدالله(1390) کاوش معرفت شناسانە جمشید، نشریە بهارستان سخن، دورە،7 شمارە،18، صفحات ،183-208.
- کاکایی، قاسم(1382) وحدت الوجود(بە روایت ابنن عربی و مایستر اکهارت، انتشارات هرمس، چاپ دوم، تهران.
- گوهرین، سید صادق(1376) شرح اصطلاحات تصوف، جلد 3، چاپ دوم، انتشارات زوار، تهران.3،6
- المیبدی، ابو فضل رشیدالدی(1371) کشف الاسرا و عدە الأبرار معروف بە تفسیر خواجە عبدالله انصاری، جلد 1، چاپ هشتم، اتشارات امیر کبیر، تهران.
- ناس، جان بایر(1396) تأریخ ادیان جهان، علی اصغر حکمت، چاپ بیست و سوم، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.
- نسفی، عزیز بن محمد(1391) کشف الحقایق، سید علی اصغر میرباقری، چاپ اول، انتشارات سخن، تهران.
- نسفی، عزیزالدین(1401) مجموعە رسائل مشهور بە کتاب الانسان الکامل، هانری کربن، ضیاءالدین دهشیری، چاپ هفدهم، اتشارات طهوری، تهران.
- نصر، سید حسن نصر(1399) تفسیر معاصرانە قران کریم، انشاءالله رحمتی، جلد اول، انتشارات سوفیا، تهران.
- نیشابوری، فریدالدین عطار(1398) تذکرة الأولیا، شفیعی کدکنی، چاپ اول، نشر سخن، تهران.

- نیکلسون، رینولد الن(1389) شرح مثنوی مهنوی، حسن لاهوتی، دفتر سوم، چاپ نخست، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
- همدانی، عین القضاة(1398) تمهیدات، تحشیه و تعلیق، عفیف عسیران، نشر مولی، تهران.

**عەرەبییەکان:**

- جیلانی، شیخ عبدالقادر(1994) سر اسرار و مظهر انوار، الطبعة الثالثه، دار السناب للطباعه و نشر، سوریه، دمشق.
- الطوسی، ابی نصر السراج(2007) اللمع في تاریخ التصوف، صححه، کامل مصطفی النهراوی، دارالکتب العلیمة، بیروت.
- کاشانی، عبدالرزاق(1999) معجم اصطلاحات صوفیه، تحقیق، عبد العال شاهین، دار منار.

## توظيف فكرة الوحدانية في الأشعار الفارسية لصافي هيراني

**بوشرا قادر كاكه محمد كسنزاني**
قسم اللغة الكورديه،كلية اللغات ،جامعة سليمانى، سليمانية أقليم
كوردستان،العراق
Bushra.kaka@univsul.edu.iq

**الملخص**
هذه الدراسة بعنوان (توظيف فكرة الوحدانية في الأشعار الفارسية لصافي هيراني) محاولة لتعريف هذه الفكرة باعتبارها أحد أسس الفكر الصوفي، وكيفية توظيفها في الغزليات الصوفية لهذا الشاعر، والوحدانية أساساً مفهوم غامض و متعدد الأبعاد وقد تم تعريفها و النقاش بصددها في المدارس الصوفية المختلفة و في عصور التصوف المتعاقبة، فقد تكلم فيها كبار الصوفية بصورة نظرية كما تناولها اهل الشطح و الهيام مضحين برؤوسهم و حياتهم من اجل رفع لوائها. وهذا يعني انه قد تم بيان المصطلح في ادبيات الصوفية بأنماط شتى. سواء في ذلك من طرحه بإطلاق كالتوحيد او من استخدمه مضافاً كما نجده في مدرسة ابن عربي كوحدة الوجود و وحدة الشهود علاوة على مصطلحي الوحدة في الكثرة او الكثرة في الوحدة. هذه الفكرة نجدها قد وظفت و بصورة بارزة في الغزليات الفارسية لصافي هيراني، فمن جهة يجسدها بسلوكه و مكانته العرفانية و من جهة أخرى تتحول الى نقطة مركزية في افكار أتباعه الدراويش بحيث تخدم سائر الافكار هذه الفكرة المفصلية و تنتظم في سلك غزلياته ادبيات التصوف بكافة خصائصها و رموزها و معانيها العميقة .

**الكلمات المفتاحية** :الوحدانية، أدبيات التصوف، صافي هيراني، وحدة الشهود، الشرك.

## توظیف اندیشه احدیت درغزلیات فارسی صافی هیرانی

**بشرا قادر كاكه محمد كسنزانی**
گره زبان و ادبیات کردی، دانشکنده زبان، دانشگاه سلیمانیه،
سلیمانیه/ اقلیم کردستان، عراق
Bushra.kaka@univsul.edu.iq

**چكيده**
این پژوهش به عنوان (توظیف اندیشه احدیت درغزلیات فارسی صافی هیرانی) می باشد که در این تحقیق به فکر و اندیشه وحدانیت و یگانگی و کاربرد این اندیشه در اشعار عرفانی صافی هیرانی پرداخته شده است. یگانگی یکی از پایه‌های مبادی فکر تصوف است. همچون مفهوم يك بغرنج و از ابعاد مختلف و در مدارسهای گوناگون و در روزگار جداگانه در جهان تصوف تعرف شده است و در موردش مباحثه شده است. از يك طرفی صوفیان بزرگ به شكل نظریه بهش رسیدگی نمود اند، از طرف دیگر، صوفیان اهل شطحات و دیوانگان عشق الهی بر سر این ره، جان خود را بخشیدند و پرچم وحدانیت را بلند کردند. وحدانیت در عرفان به شکل مختلف ارائه می شود، این کلمه به شکل صرف مثل وحدانیت و یا به مفهوم متنوع در مدرسه ابن عربی که مهمترینیش، وحدت الوجود، وحدت الشهود است، نمایان است. همچنین با دو مفهوم دیگه‌هم بیان شده است که انهاهم، وحدت در کسرت، کسرت در وحدت است. این فکر با قاطعیت در غزلهای صافی توظیف شده است. در يك جهت صافی در سیر و سلوك از طریق مقام عرفانی خود این وحدانیت را مجسم می کند، از جهت دیگر، وحدانیت کانون افکار درویشانه‌اش می شود و کل افکارهای دیگرش را در خدمت این ایده اساسی جمع می شوند. با کل غزل ها و در مجموع اشعارش؛ ادبیات عرفانی را با همه رمز و راز و جهان بی کرانش را سازمان می دهد.

**کلید واژها**:وحدانیت، ادبیاتی عرفانی، صافی هیرانی، وحدت شهود، شیرك.

**Utilizing the Idea of Oneness in the Persian Poetry of Safi Hirani**

**Bushra Qadr kaka Muhamad Kasnazani**
Kurdish Department- college of language–
University of Sulimanya
Bushra.kaka@univsul.edu.iq

**Abstract**

This research, entitled (Utilizing the Idea of Oneness in the Persian Poetry of Safi Hirani), is n attempt to define this idea as one of the foundations of Sufi thought, and how to employ it in the Sufi ghazals of this poet. Oneness is basically a vague and multi-dimensional concept, and it has been defined and discussed in various Sufi schools and in Successive eras of Sufism, in which the great Sufis spoke in a theoretical way, and the people of Al-Shatah and loves dealt with it, sacrificing their heads and their lives in order to raise its banner. This means that the term has been explained in Sufi literature in various ways. Whether it is the one who proposed it in general terms, such as monotheism, or the one who used it in addition, as we find it in the school of Ibn Arabi, such as the unity of existence and the unity of witnesses, in addition to the terms unity in multiplicity or multiplicity in unity. We find this idea employed prominently in Safi Hirani's Persian ghazals. On the one hand, he embodies it through his behavior and his mystical status, and on the other hand, it becomes a central point in the thoughts of his followers, the Dervishes, so that all other ideas serve this pivotal idea and the literature of Sufism with all its characteristics is organized into the strand of his ghazals. Its symbols and deep meanings.

**Keywords:** Oneness, Sufism literature, Safi Hirani, unity of witnesses, polytheism